# سەربەستی، ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە.

## ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان بڵاوی دەکاتەوە

### ڕوونکردنەوەیەك لە ستافی ڕۆژنامەی سەربەستی.

(ژمارە ١٠)

گشت خوێنەرانی بەڕێزی ڕۆژنامەکەمان ئاگادار دەکەینەوە، کە ڕۆژنامەی سەربەستی پێشتر لە ژمارە سفر تا ژمارە نۆ بـــــــــــە شیوەی ئیلیکترۆنی بڵاوکراوەتەوە، بە ئیمەیل بۆ هەزاران خوێنەر و ڕێکخراو لایەنی کوردستانی بەڕێکراوە. بەڵام لە سەر بریاری کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان لە کوردستان چاوپ دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە، زیاتر لە لاپەڕە (٣)

# سەربەستی

Serbestî

www.pskmedia.com

## ئێوارە کۆڕێک لە ژێرناوی ئەمرۆ هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە لە هەولێری پایتەخت بەڕێوە چوو.

لاپەڕە (٢)

## کۆبوونەوەیەکی گرنگی سەرکردایەتی پـــــــارتی سەربەستیی کوردستان.

به مەبەستی تاتۆیکردنی هەل و مەرجی ئیستایی کوردستان و کارو تێکۆشانەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان لە باشوری وڵات و ڕێکخستنەکانی ناوخۆی وڵات. هەروەها کارو باری کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات، بەرنامەڕیزی بۆ کاری چەند مانگی داهاتوویان، سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان به سەرۆکایەتی بەڕێز عارف باوەجانی سەرۆکی گشتی لە ڕێکەوتی ٣٠ ی بانەمەری ٢٧١١ ی کوردی، 22.5.2011 زاینی کۆبوونەوەی خۆی بەست.

## بانگەوازی پارتی سەربەستیی کوردستان / دزینی ئاسەوارە کۆنەکانی ئیلام لە لایەن باندی تایبەت بە ڕێژیمەوە.

خەڵکی وڵاتداگیرکراوی رۆژهەڵاتی کوردستان: ئیلامیانی خۆشەویست و سەربەرزی کوردستان.

هەروەک مێژوو شاهیدیمان بۆ دەدات کە ئیلام یەکێکە لەو شارە دێرینە کوردیانە کە شانبەشانی شارەستانە دێرینەکانی جیهانی خاوەنی مێژوویەکی گرنگە لەجیهاندا، بەتایبەت لە سەردەمی سۆمەری و بابلی و مادەکاندا. ئەوەش وایکردوە کە ئیلام بست بەبستی خاک و شاخ و ناوچەکانی شۆێنەواری گرنگ و تایبەتی مێژویی بێت. بە گۆیرەی ئەو هەواڵانەی کە بەردەوام لە ڕێکخستنەکانی ناوشاری ئیلامەوە بە دەستمان دەگات، هەروها بە گۆیرەی پشتراسکردنەوەی مەسعود ئەسکەندری بەرپرسی ناوەندی پاراستنی ئاسەوارەکانی ئیلام.

لاپەڕە (٣)

## مینیپـــــــاشماوەی شەری ئێران و ئێراق بەردەوام زیان بە هاوڵاتیانی ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەیەنێت.

لاپەڕە (٤)

## وتووێژێکی نەتەوەیی لەگەڵ کاک عارف باوەجانی لە لایەن گۆڤاری (کەی 21) لە هەرێمی کوردستان.

دیارە لە پاش کارەساتی 11ی سێپتێمبەر دونیا گۆڕانێکی بە سەرداهات، زۆر ئاسایی یە کە ڕێکخراوێک یان گەلێک ئەو گۆڕانە لە بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە، حکومەتی ئەفغانستان ڕووخا، دوایی بەعسیش ڕووخا و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئالوگۆری جیدی بە خۆوە دیت، لە ڕووخانی بەعسدا کورد هەلێکی بۆ ڕەخسا و وەک یاریکەرێکی بەرچاو هاتە مەیدانەکە، دیارە لە باشوور هەلی سەربەخۆیی لەلایەن کوردەوە لە دەست چوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بووە لایەنێکی بەرچاوی گۆڕەپانی سیاسی عێراق، جا لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە دونیا



ڕووی دا، بەداخەوە حزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جیاتی ئەوەکە خۆ لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە ڕێکبخەن

## پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئۆردوگای وەلید دەستیان دایە مانگرتن.



لاپەڕە (٤)

## بەیاننامەی پارتی سەربەستی لە یادی ٢٣ ساڵەی کارەساتی دڵتەزێنی ئەنفال- دا.

لاپەڕە (٦)

## ڕۆلەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەترسی لە سێدارەدان‌دایە.

لاپەڕە (٥)



# کۆبوونەوەیەکی گرنگی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان.

www.psk2006.org

به مەبەستی تاتۆیکردنی هـــەل ومەرجی ئیستایی کوردستان و کار و تێکۆشانـەکانی پـارتی سـەربەستیی کوردستان لــە باشوری وڵات و ڕێـکخستنـەکانی نـــاوخۆی وڵات. هەروەها کارو باری کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات، بەرنامەڕیزی بۆ کاری چەند مانگی داهاتوویان، سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بـەڕێز عارف باوەجانـــی سەرۆکی گشتی لــە ڕێکەوتــی ٣٠ ی بانەمەری ٢٧١١ ی کوردی، 22.5.2011 زاینی کۆبوونەوەی خۆی بەست.

تەوەرەکانی کۆبوونەوە بریتی بوون لەم خاڵانەی خوارەوە.

1– ڕاپـــۆرتی سەفـەری زیاد لە 3 مانـگەی سەرۆکی گشـــتی بـــۆ هـــەرێمی کوردستان و ڕێکخستنەکانی پارتی لە ناوچەکانی بـــاشوری کوردستان لە لایەن عارف باوەجانی.

2– ڕاپـــۆرتی گشتی کـــاروباری کۆمیتەکانی ئـوروپاو پێوەندی لەگـەڵ وڵاتـــان لە لایەن ئیبراهیم جاف.

3– تاوتۆیکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەربە پارتـــی سەربەستـــیی کوردستـــان لە لایـــەن کاک دڵشاد پرونی. ١ڕۆژنامە، و ٤ مـــاڵپەڕی ئینتەرنێتی و گۆڤارێکی هزری وەرزانەیە.

بریاردرا کە ڕۆژنامەی زمانحاڵی پـــــــارتی سەربەستیی کوردستان بە چاپکراوی لە ناوچەکانی کوردستان بڵاوبکرێتەوە.

4 – باسێکی گشتی لەسەر ڕێکخراوی لاوانی سەربەستیی کوردستان لە ناوخۆی وڵات و دەرە و لە باشوری کوردستان. هەروەها پێکهێنانی چەند یانەیەکی وەرزشی و هونەری بۆ لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئۆردوگا پەنابەرییەکان. لە لایەن هاشم موحەممەدی.

5– پێوندی و سەردانی پارت و ڕێکخراوە کوردستانیەکان و هەڵسەنگدانی پێوەندی لەگەڵ هیندێک پارت و لایەنی کوردستانی لە لایەن عارف باوەجانی و ڕێبوار ئەحمەد زادە.

6– باسێک لەسەر بیرکردنەوە بۆ هەنگاوی دیکە لە پێناو نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەکتری، واتە بە کردەوە لە لایەن پارتی سەربەستییەوە هەنگاو بنرێت بۆ کۆکردنەوەی گشت لایەنەکان، نەک تەنیا بە نووسراوەو ڕاگەیاندنی میدیایی. لە لایەن ئیبراهیم جاف و فەرهاد جەهانگیری و بە بەشداری تێبینی گشت ئەندامانی سەرکردایەتی.

7– باسێک لە سەر سەفەرێکی 10 ڕۆژەی گرنگی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ یەکێک لە وڵاتانی ئەندامی ناتۆ و بەشداری لە خولێکی گرنگ.

8– باسێکی گشتی لە سەر ڕوداوەکانی چەند مانگی ڕابوردوی باشوری کوردستان و هەڵسەنگاندنی لە ڕوانگەی سەرکردایەتی پارتییەوە. بە بەشداری گشت ئەندامان.

9– باسێک لە سەر گرنگیدان بە کەسانی لێهاتوو لە ڕیزەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان کرا. و بریار درا کە سەرکردایەتی پارتی لەو کەسە بە توانانە لە بواری ڕاوێژەوە کەڵکیان لێوەربگیرێت، .کە یەکێک لەو بەڕێزانە دوکتۆر هزین دیلان بەپرسی کۆمیتە و پێوەندییەکانی پسک لە بەریتانیا بوو، پێشنیارکرا وەک ڕاوێژکاری سەرکردایەتی دیاری بکرێت. ئەو پێشنیارەش لە لایەن گشت ئەندامانی سەرکردایەتیەوە ڕەزامەندی لە سەر نیشاندرا.

10– دوابەشی کۆبوونەوەکە تەرخانکرابو بۆ باس لە گرتنی کۆنگرەی دووەم، کە بە تێکرا ڕەزامەندییان لە سەر بەستنی کۆنگرەی دووەم لە کوردستان نیشاندا. بریاردرا کە لە کۆبوونەوەی داهاتووی سەرکردایەتی کۆمیتەکانی تایبەت بە کۆنگرە دیاری بکرێت.

پاش 3 کاتژمێر کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بە سەرکەوتوویی و پەسەند کردنی چەند بریارێکی ناخۆیی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان.

## ئێوارە کۆڕێک لە ژێرناوی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە لە هەولێری پایتەخت بەڕێوە چوو.

لە ڕێکەوتی 16.3.2011 لە هەولێر پایتەخت کۆڕێک لە ژێر ناوی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە) لە لایەن گروپی ئاشتیخوازانی هەولێر و ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوان، بۆ 3 کەسایەتی لە سێ بەشی دیکەی کوردستان بەڕێوە چوو کە بریتین لەمانەی خوارەوە.

– لە باکوری کوردستان : دوکتۆر موسی کاڤاڵ / مامۆستایی زانکۆی سەلاحەدین لە بەشی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان : عارف باوەجانی/ سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان.

لە ڕۆژئاوای کوردستان / دوکتۆر کاوە عەزیزی لە زانکۆی سەلاحەدین بەشی یاساو رامیاری.

لە هەولێری پایتەخت بەڕێوە چوو. کە هەر کام لەو بەڕێزانە لە بەشی خۆیان باسی ئەو هەل و مەرج و بارۆدۆخەیان کرد. کە هاتتوەتە ئاراوە لە هەرێمی کوردستان.

بەڕێز عارف باوەجانی لە ئاخاوتنی خۆی تیشکی خستە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە.

گرنگی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان لە ئاست جیهاندا. کە بەرەو سەربەستیی یەکجاری دەروات.

مێژوی زۆر نەتەوەی بندەست لە جیهاندا کە تا گەیشتوونەتە ئەم قۆناخەوە.

دەستکەوتەکانی ئەم هەرێمەی کوردستان تا چەندە کاریگەری لە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چ وەزعێکدایە.

* باشوری کوردستان لە کاتی شەری براکوژی چۆن بوو، ئیستا چۆنە.

* ئەگەرەکانی پاش لە دەستدانی ئەم ئەزموونە.

دزە کردنی دەزگاکانی سیخوری. تێکچوونی ژێرخانی ئابوری و هەڵاتنی کۆمپانیاکانی بێگانە لە کوردستاندا.

لەدەستدانی پێوەندییە دیپلوماتییەکان.

بوونی ئەو هەموو کۆنسۆلگەری و نۆێنەرایەتییەی وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکای و ئاسیایی. کە هەموویان لە بواری سیاسی و ئابوری و هیدیکەوە لە کوردستان گیرساونەتەوە، بۆ هەمووشیان روونە کە کوردستان بەرەو چی دەروات. کەوابێت بۆ ئەم وەزعە لە سەر خۆمان تێکبدەین.

بە تێکدانی ئەم ئەزموونە نەیارانی کوردستان خۆشحاڵ دەکرێن.

ئوپوزوسیون کولتورییەکی سیاسییە، و شێوەی کارکردنی بۆ چاکسای لە کوردستان دەبێت چۆن بێت.

بەراوردکردنی باشوری کوردستان لەگەڵ ولاتانی عەرەبی بۆ؟

شایانی باسە کە قسەکانی بەڕیز باوەجانی بۆ زۆربەی بەشدار بوان جێگای پەسەند بوو.







# ڕوونکردنەوەیەک لە ستافی ڕۆژنامەی سەربەستی.

گشت خۆێنەرانی بەڕێزی ڕۆژنامەکەمان ئاگادار دەکەینەوە، کە ڕۆژنامەی سەربەستی پێشتر لە ژمارە سفر تا ژمارە ٩ بە شیوەی ئیلیکترۆنی بڵاوکراوەتەوەو، بە ئیمەیل بۆ هەزاران خوێنەر و ڕێکخراو لایەنی کوردستانی بەڕێکراوە. بەڵام لە سەر بریاری کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان لە ٣٠ ی بانەمەری ٢٧١١ی کوردی , ڕۆژنامەکەمان وەک ڕۆژنامەیەکی سیاسی نەتەوەیی بە شیوەی چاپکراویش دەکەوێتە بەردەست خۆێنەرانی خۆشەویست. لەو بوارەوە هەر وتار و بابەتێک کە خزمەت بە بیری نەتەوەیی بکات لە ڕۆژنامەی سەربەستی بە خۆشحاڵییەوە بڵاو دەکرێتەوە.

ستافی ڕۆژنامەی سەربەستی
٣ی جۆزەردانی ٢٧١١ ی کوردی.

---

بۆ خۆێندنەوەی ژمارەکانی پێشووتر و ژمارەکانی داهاتوو ڕۆژنامەی سەربەستیی لە ڕایەڵەی ئینتەرنێتەوە، سەردانی ئەم ماڵپەرەی خووارەوە بکەن : www.psk2006.org / www.serbexo.com / www.pskmedia.com

بەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفونانەی دەتوانن ڕاستەوخۆ پێوەندی بگرن بە ستافی ڕۆژنامەی سەربەستی یا بابەتەکانتان بنیرن بۆ ڕۆژنامەکەمان.

کوردستان : 07503700016 یان 0662579794 pskhewall@gmail.com

دەرەوەی وڵات

نۆرویژ : 0047 96656505

سوید: دلشاد پرونی 0046709964893

# بانگەوازی پارتی سەربەستیی کوردستان / دزینی ئاسەوارە کۆنەکانی ئیلام لە لایەن باندی تایبەت بە ڕێژیمەوە.

خەڵکی وڵاتداگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: ئیلامیانی خۆشەویست و سەربەرزی کوردستان.
هەروەک مێژوو شاهیدیمان بۆ دەدات کە ئیلام یەکێکە لەو شارە دێرینە کوردیانە کە شانبەشانی شارەستانە دێرینەکانی جیهانی خاوەنی مێژوویەکی گرنگە لەجیهاندا، و بەتایەبت لە سەردەمی سۆمەری و بابلی و مادەکاندا. ئەوەش وایکردوە کە ئیلام بست بەبستی خاک و شاخ و ناوچەکانی شوێنەواری گرنگ و تایبەتی مێژویی بێت. بە گۆیرەی ئەو هەواڵانەی کە بەردەوام لە ڕێکخستنەکانی ناوشاری ئیلامەوە بە دەستمان دەگات، و هەروها بە گۆیرەی پشتراسکردنەوەی مەسعود ئەسکەندری بەرپرسی ناوەندی پاراستنی ئاسەوارەکانی ئیلام.
هەواڵی دزینی نزیکەی 100 پارچە لە کەلوپەلی دێرینی و نایابی ئاسەواری ئیلام، لە حەفتەی پێشوودا لە لایەن 14 باندی جیاوازەوە ئاشکراکراون گوایا باندەکانیش دەستبەسەر کراون. دیارە هەر لەو چەندساڵەدا ئەوە چەندین جارە کە دزی لە نێۆ ئەو ناوەندەداروو دەدات و ئەمەش بووەتە مایەی شک و گومانی زۆر لە نێۆ خەڵکدا. بە گۆێرەی وتەی چەند کەسانێکی نزیک لەو ناوەندەوە کە ئەو باندانە نزیک بە کوری هاشمی ڕەفسەنجانین، و تا ئیستا هیچ کامیان لە ماوەی چەندین جار دزیدا حوکم نەدراون و بگرە لە پاش 24 کاتژمیریشدا ئازاد کراون.
بە گۆیرەی ئەم هەواڵانە وا مەزندە دەکرێت کە پلانێک لە گۆردایە بۆ تێکدان و نەهێشتنی ئاسەوار ومێژوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
پارتی سەربەستیی کوردستان لە مانگی سەپتەمبەری 2009 لە ڕیگەی نامەیەکەوە بە چەندین بەڵگەی تایبەت ڕێکخراوی یونسکۆی لە سەر مەترسی دزینی ئاسەوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت ناوچەکانی ئیلام و کرماشانی ئاگادار کردوەتەوە. لە ئایندەیەکی نزیکدا دووبارە لە سەر ئەم زانیارییانە ڕێکخراوی ناوبراو ئاگادار دەکاتەوە.
پارتی سەربەستیی کوردستان داوا لە گشت کوردستانیانی خۆشەویست لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات کە هەر چەشنە زانیارییەکیان لەسەر دزین وتێکدانی هەر پارچەیە یا ناوچەیەکی ئاسەواری لادەستدەکەوێ با بەڵگەوە پارتیمان ئاگادار بکەنەوە، تا ئێمەش یونسکۆ لە دزینی ئاسەواری وڵاتەکەمان ئاگادار بکەینەوە و دزو جەردەکان ڕسوای جیهان بکەین.

سڵاو لە یەکریزی و یەکدەنگی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا گەیشتن بە سەربەخۆیی و سەربەستیی یەکجاری.
نەمان و ڕسوای بۆ داگیرکەران و دزانی سەرەوەت و سامان و ئاسەواری وڵاتە داگیرکەراوەکەمان.

پارتی سەربەستیی کوردستان

www.psk2006.org
pskhewall@gmail.com
9ی جۆزەردانی 2711 ی کوردی. 30/5/2011 ی زاینی
.



ماڵپەڕی لاوانی سەربەستی / HTTP://WWW.RLSK.ORG



# مینی پـــاشماوەی شەڕی ئێران و ئێراق بەردەوام زیان

## بە هاوڵاتیانی ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەیەنێت.

لە پاش نزیک بە 21 ساڵ بە سەر کۆتایی هاتنی شەڕی نیزامی نێوان هەردوو حکومەتی داگیرکەری کوردستان واتە حکومەتەکانی ئێراق و ئێران، بەڵام بەردەوام ئاسەواری ئەو شەڕە بە سەر خەڵکی زەرەرمەندی ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەر هەڵدەداتەوە، لە چەند ڕۆژی پێش چەند هاوڵاتی دیکەی ئیلامی لە سەر سنوورەکانی ئێراق ئێران بە هۆی تەقینەوەی مین گیانیان لە دەستداوەو یا کەم ئەندام بوون.
شایانی باسە کە پارێزگای ئیلام 430 کیلۆمیتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی ئێراق و باشوری کوردستان هەیە. ئەم پارێزگایە وێرای پارێزگاکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شەڕی ماڵوێرانکەری ئەو دوو وڵاتە داگیرکەرەی کوردستان زۆر زیانی گیانی و ماڵیان بەر کەوتووە. هەرگیز قەرەبووی زیانەکانی ماڵیان بۆ نەگەڕاوەتەوە. بە گووتەی شارەزایانی مین لە پارێزگای ئیلام نزیکی 1 ملۆینو 700 هەزار هیکتار زەوی لە ناوچەکانی ئیلام مەترسی بوونی مینی تێدا دەکرێت. کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ پاککردنەوەی ئەو ناوچانە لە مین.

سەربەست مەلەکشاهی/ تایبەت بە ماڵپەری پارتی سەربەستیی کوردستان.

## پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئۆردوگای وەلید دەستیان دایە مانگرتن

بەر لە ڕۆژێک لە گوازتنەوەمان لەکەمپەکەمان لە نزیک ترێبیلی سنووری عێراق و ئەردەن دەوە بۆ کەمپی ئەلوەلید لە ڕێکەوتی 5 /7/2009 و لە کۆبوونەوەیەکدا لە گەڵ وەفدی کۆمیسارایای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کار و باری پەنابەران بە سەرۆکایەتی بەڕێز دانیال ئەندرس سەرۆکی پێشووی کۆمیساریا لە عێراق لە سەر چەندین خاڵ و لەوانە بەڵێن پێدانمان لە لایەن ئەو سازمانەوە بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی نوێ و دیراسە کردنی پەروەندە کانمان و هەروەها دۆزینەوە ڕێگە چارە بۆ کێشەکانمان باس و گووتو وێژمان کرد..
بەڵام پاش چەند مانگێک تێپەڕین بە سەر ڕۆشتنمان بۆ کەمپی ئەلوەلید و گوێ نەدانی سازمانی یو ئن بە بەڵێنەکانیان پەنابەرانی کورد وەک نارەزایەتی بۆ ماوەی 23 ڕۆژ لە بەردەم بنکەی ئەو ڕێکخراوە لە کەمپەکەدا مانگرتنی گشتیيان ئەنجام دا.
ئێستاکە پاش تێپەڕینی ساڵێک و 4 مانغ بە سەر چاوپێکەوتنەکانمان لە گەڵ یو ئن دا هیچ وڵامێکمان سەبارەت بە پەروەندەکانمان لە لایەن یو ئن دوە پێ نەگەیشتووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ماوەی 6 ساڵ دەبێ ئێمە لە خراپترین بارووددۆخدا لەم سەر سنوورانە دەژینو یو ئن یش نەیتوانی چارەیەکمان بۆ بدۆزێتەوە.
ئاکامی ئەم جەند ساڵەی مانەوەمان لەم سنوورانەدا لە لایەکەوە ، نەزانین و هەژاری و دوا کەوتنی منداڵەکانمان لە قوتابخانە و ئازار و دەردەسەری ئافرەتان و بە فیڕۆ چوونی قۆناخی زێڕینی تەمەنی منداڵ و لاوەکانمانی لێ کەوتۆتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە خراپ بوونی باری دەروونیمان.
ڕێکخراوی یو ئن تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی بە کردەوە بۆ دۆزینەوەی حەلێک بۆ کێشەی ئێمە و ناردنمان بۆ وڵاتی سێهەم نەناوە.
بەڵێنەکانی ڕێکخراوی یو ئن ئەوە بوو کە پاش ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لە گەڵمانا جارێکی دی ، بە چەند قۆناخ کار لە سەر پەروەندەکان دەکرێت وەک لە سەرەتادا کار کردن لە سەر ئەو پەروەندانەی کە نەخۆشینیان هەیە و دواتر ئەوانەی کە کەس و کاری زۆر نزیکیان لە وڵاتانی دەرەوە هەیە و پاشانیش پەروەندە سیاسیيەکان ، بەڵام بە داخەوە لە هیچ یەک لەو بوارانەدا تا ئێستا هیچ هەنگاوێکیان هەڵنگرتووە.
ئەمە لە حاڵێکدایە کە نزیک دوو ساڵ بە سەر گواستنەوەمان بۆ کەمپی ئەلوەلید تێدەپەڕێ و ئەوانیش لە باتی ئەوەی هەنگاو بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ کێشەی ئێمە بنەن ، بێدەنگیيان لەم بارودۆخە نالەبارەی ئێمدا هەڵبژاردووە.
بە هۆی جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی و سیاسیيەوە تا دێ لە عێراق و ناوچەکەدا دۆخەکە ئالۆزتر دەبێ و لە بەر نەیار بوونیشمان لە گەڵ کۆماری ئیسلامیدا تووشی دەردەسەری زیاتر لەوەی کە ئێستا دەستە و یەخەین لە گەڵیدا دەبین.
باری ناوخۆی عێراق بە گشتی باش نیيە و تا دێش بەرەو خراپتر دەڕوا و بە تایبەت پاش کشانەوە و دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکاش شیمانە دەکرێ کە دۆخەکە بەرەو خراپتر بڕوات.
لە لایەکی دیکەشەوە دەست تێوەردانی دەرەکی وڵاتانی دراوسێی عێراق لە کاروباری ناوخۆی عێراق و دەست تێوەردانەکانی ئاشکرای ئێران لەو بوارەدا و هەبوونی پێوەندیيەکی زۆر دۆستانەی بەرپرسانی حکومەتی ئێستای عێراق و باڵادەستانی ئێرانی ، ئەمە بە شایەتی بەرپرسانی ئەمەریکی و سیاسیيە عێراقیيەکان ، قسەکەی ئێمە ئەوەی کە عێراق بەم شێوەیە شوێنێکی هێمن بۆ نەیارانی کۆماری ئیسلامی نابێ... بۆ ڕاستی ئەم قسانە و بۆ زانیین دەبێ بگوترێ کە بەرپرسانی عێراقی لە لێدوانەکانیاندا بە ڕاشکاوی نەیارانی ئێران وەک ڕێکخراوەی تیرۆریستی ناو دەبەن و بۆ نموونە وەزیری دەرەوەی عێراق هۆشیار زیباری لە کاتی سەردانی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ عێراق ،پارتی ژیانی ئازادی کوردستانی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناو برد .هەروەها هێرش کردنە سەر کەمپی ئەشرەف و شەهید کردنی چەندین ئەندامی ڕێکخراوەی موجاهیدین لە ناو خاکی عێراقدا باشترین بەڵگەن بۆ ئەوەی کە ئێمە وەک نەیاری کۆماری ئیسلامی نەتوانین لە عێراق دابنیشین.
باس لەوە دەکرێت کە ئەیانەوێت کەمپی ئەلوەلید بۆ یەکجاری دابخەن و ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ ڕێگە چارەیەکیشیان بۆ ئمە نەدۆزیتەوە. ئێمە لە بەر ئەوەی کارەساتێکی وەک ئەوەی کەمپی ئەشرەف بە سەرمانا دوویات نەبێتەوە بڕیارمانداوە کە لە بەرانبەر دەفتەرت ڕێکخراوەی یو ئن مانگرتنی گشتی ڕابگەیەنین .
لە کۆتاییدا داوا لە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستە کانی جیهان دەکەین کە هەر چی زووە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆ کێشەکانمان و ناردنمان بۆ وڵاتی سێهەم بە ڕێگەیەکی ئاشتی و لە سەر بنەمای ئازادی و ئاشتی و بنەما ی ڕێزگرتن لە بیر وبۆچوونی سیاسی و ڕۆشنبیریمان تەداخول بکەن ...

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن بەو ئادرەسانەی خوارەوە پیوەندی بگرن
Email :
Kurdish_refugees@yahoo.com
Face book: Kurdish Alwaleed camp
تێبینی : ئەم ڕاگەیاندنە بە زمانی عەرەبی لە سەر لاپەڕەی فەیس بووکی کاک خەبات موحەمەدی بڵاو کراوەتەوە. پێم باش بوو کە بیگۆڕمە سەر زمانی کوردی و بڵاوی کەمەوە




ئەحمەد خوسرەوی

# ڕۆلەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەترسی لە سێدارەدانە: پارتی سەربەستیی کوردستان.

خەڵکی وڵاتداگیرکراوی کوردستان.
لە درێژەی تەمەنی جولانەوەی گەلە مافخوراوەکەمان بەردەوام کوشتن و گرتن و لە سێدارەدان درێژەی هەبووە و ئەگەر هەروا لەگەڵ یەک سارد و سڕبین ڕۆژانە بەردەوام دەبێت. بە تایبەت لەچەند ساڵی ڕابوردودا درێژەی ئیعدامەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاست جیهاندا دەنگی دایەوە، کە زۆربەی ئەو کەسانەی حوکمی ئیعدامیان بە سەردا دەسەپا کورد بوون.

هاوڵاتیانی تامەزرۆی سەربەخۆیی یەکجاری بەداخەوە هەواڵ و دەنگۆی ئەوە هەیە کە وێدەچێت لە یەکەم حەوتووی مانگی جۆزەردانادا حەبیبوڵڵا لەتیفی لە سێدارە بدرێت. پارتی سەربەستیی کوردستان ئەم کردەوە هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی ئێران بە توندی ئیدانە دەکات، داوا لە گشت وڵاتان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهانی دەکات کە بۆ ڕاگرتنی ئەو حوکمە هەنگاوی پێویست بنێن و بەرگری لە گیانی ئەو لاوە کوردە بکەن.
حەبیبوڵا لەتیفی بێجگە لە کورد بوون و داوای مافی ڕەوای گەلی خۆی هیچ تاوانێکی وای نەکردوە کە شیاوی حوکمی لە سێدارە بێت.
هەر لەو پێوەندییەشدا پارتیمان وەک پێشتر دەیانجار ئەو بانگەشەی کردوە و لەم ڕۆژەشدا چەند بارەی دەکاتەوە، بانگێشەی یەکریزی و تەبایی گشت حیزب ولایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەکات. بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بە یەکدەنگی و یەکبریاریمان دەنگی مافخوراوی خەڵکەکەمان و گیانی لاوان و بەندییەکانمان بە گوێ ڕێکخراوەکانی جیهانی بگەیەنین. هەر بە یەکهەڵویستیش دەتوانین لەگەڵ خەڵکی نارەزای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شێوەی دەربڕینی نارەزایەکان هەماهەنگ بین.
بەو هیوایە ئەم کارەساتە چاوەڕوانکراوەی کە چارەنووسی مەرگی کاکە حەبیبوڵا لەتیفی تێدایە ویژدانی سیاسی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بهەژێنێت و بیر لە چارەسەرییەک بۆ ئەم هەل ومەرجەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستا و داهاتوودا بکەن.
هەرشەکاوەبێت خەباتی یەکگرتووەکانی لایەنەکانی کوردستانی بۆ سەربەخۆیی یەکجاری.
نەمان و ڕسوایی بۆ داگیرکەرانی کوردستان.
سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان

20/5/2011 زاینی . 30 بانەمەری 2711 ی کوردی



## تاوانەکـــــانی کـــــۆماری ئیسلامی

# دیسان کارەسات لە کەرکوک/ پارتی سەربەستیی کوردستان

کوردستانیانی وڵاتداگیرکراو: بەداخ وپەژارەیەکی زۆرەوە ئەمرۆ پێنج شەممە ڕێکەوتی 19/5/2011 دیسانە وە وەک دەیانجاری دیکە، لە سێ شوێنی جیا جیای شاری کەرکوک تەقینەوە ڕوویداو، و ئەمجارەش نزیکەی 30 کەس شەهید و 90 کەس بریندارى لێکەوتەوە.
پارتی سەربەستیی کوردستان بە توندی ئیدانەی ئەو کردەوە تروریستیە دەکات، و پرسە و هاوخەمی بۆ گشت کەسوکاری شەهیدەکان و قوربانیانی ئەو تەقینەوانە رادەگەیەنێت. ئەم کردەوە تروریستیانە تەنیا بە مەبەستی دروستکردنی کۆسپە بۆ چارەسەری مادەی 140 و دروستکردنی نا ئارامی لە کەرکوکی هەمیشە کوردستان. پارتی سەربەستیی کوردستان داوا لە گشت حیزب ولایەنەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، کە پێکەوە هێزێکی هاوبەش بە سەر پەرەستی حکومەتی هەرێم بۆ هەمیشە لە کەرکوک جێگر بکەن. بۆ ئەوەی ژیان و گیانی هاوڵاتیانی کەرکوکی دڵی کوردستان پارێزراو بێت.
جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی گشت بنەماڵەی شەهیدان دەکەین، و بە هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتر بۆ بریندارەکان دەخوازین.

سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان
19/5/2011





# بەیاننامەی پارتی سەربەستیی کوردستان، بەبۆنەی ٢٣ ساڵەی یادی کارەساتی دڵتەزێنی ئەنفال.

کەسوکاری سەربەرزی ئەنفاکراوەکان.. کوردستانیانی ووڵاتداگیرکراوی خۆشەویست.
ئەمڕۆ 23 ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفال دا تێپەڕدەبێت، کە لە ساڵی 1988 لەسەر دەستی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، بەپێش چاوی دونیای عەرەبوئیسلامی و کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە، گەلەکەمان روبەڕووی کارەساتێکی بێوێنە لە دڕەندەیی‌و قڕکردن و کۆمەڵکوژی بووەو لەئەنجامیشدا زیاتر لە 182 هەزار کەسی مەدەنی لە ژن‌و منداڵو پیرو پەککەوتەو گەنجی تێدا بووە قوربانی، جیهانیش چاوو گوێچکەی خۆیان لە ئاستی ئەم تاوانە بێوێنەیە داخستبوو وە بێدەنگیان هەڵبژارد.
ئەم کارەساتە دڵتەزێنە تەنیا بە لەناوبردن‌و بێسەروشوێنکردنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری هاووڵاتیانی سڤیلی لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان بە دڵڕەقترین شێوە کۆتایی نەهات، بەڵکو کاریگەریی‌و جێدەستی لەسەر جەستەودەروونی کۆمەڵگای کوردی هەتا ئەم ساتەوەختەی ئێستاش درێژبۆتەوە.
لەیادی 23 ساڵەی کارەساتی ئەنفال دا، پارتی سەربەستیی کوردستان جارێکی تر بەرپرسیارێتی سڕینەوەی شوێنەواری ئەم پرۆسە بەدناوو دژ بەمرۆڤایەتییە لە کۆمەڵگەی کوردستان دەخاتە ئەستۆی دەوڵەتی ئێراق و بەرپرسیارێتی ئەخلاقیش لە ئەستۆی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وجیهانی عەرەبی، بە تایبەتی ووڵاتە زلهێزەکان، لەڕێگای خزمەتکردنی زیاتری کەسوکارەکانیان‌و هەوڵدانی زیاتر بۆ ناساندنی وەکو پرۆسەیەکی کۆمەڵکوژی کە ئەگەری دوبارەبوونەوەی نەبێت.

کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالەکان، جەماوەری کوردستان لەکاتێکدا هەموومان بەدڵتەنگییەوە یادی ئەم کارەساتە دەکەینەوە، دڵیشمان بەوە خۆشە کە دوای کەمتر لە چارەکە سەدەیەک لەم کارەساتە، بە هۆی لێهاتووی و پێداگری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دا ئەم تاوانە وەک جینۆساید ناسێندراو بەشێک لە سەرانی ڕژێمی بەعس‌و ئەنجامدەرانی ئەنفال بەسزای عادیلانەی خۆیان گەیشتن، و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و دەستەی سەرۆکایەتی کۆماریش وەک نوێنەری هەموو پێکهاتەکانی عێراق ئەم پرۆسە بەدناوەی بەجینۆساید ناساند.
لەگەڵ ئەوەی بەهۆی هاوخەباتی‌و پێکەوەیی خەڵکی کوردستان‌و هێزە سیاسیەکانەوە، لە ئەمڕۆدا خاوەنی ئەزمونێکی حوکمڕانی خۆبەخۆی کوردین لە باشووری کوردستان کە پێچەوانەی ڕۆژانی سەردەمی ئەنفال کە جیهان چاویان لە ئاستی بەکۆمەڵکوشتنی نەتەوەکەمان داخستبوو. ئەمڕۆ هەستو سۆزی دونیا بەرانبەر کورد گۆڕاوە، جیهان پشتیوانیمان لێدەکات‌و دەرگاکانیان بەسەردا واڵاکردووین، دۆستو پشتیوانی گەورە لە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان دروست بوون‌و دەتوانرێت لەپاڵ هەوڵدان بۆ خزمەتکردنی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، ئەم پەیوەندی‌و دۆستایەتی‌و پشتیوانیەی جیهان بەئاڕاستەی بەجینۆسایدناساندنی ئەم کارەساتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بخرێتە کار، وە بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی کێشەی کوردستان وهەوڵەکان بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ. ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، لەم یادەدا دوپاتی دەکەینەوە کە هەوڵو تواناکانمان ا دەخەینە کار لە ناوخۆی کوردستان بۆ یەکڕیزی هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان، وە لە هەمان کاتدا داوا لە بەڕێزانی ئۆپۆزیۆسیۆن لە باشووری کوردستان دەکەین بەرپرسیارانە هەڵسوکەوت لە گەڵ بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان بکەن.
هەر لەم یادەشدا جارێکی تر پێداگری خۆمان لە یەکڕیزیی و یەک هەڵوێستی خەڵکی کوردستان، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو کارەساتانە دووبارە نەبنەوە، خەڵکی کوردستان لە باکوورو ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای کوردستان ڕووبەڕووی دڕندەترین ڕژێمەکانی ناوچەکەو بگرە جیهانیش دەبنەوە بۆ بە دیهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان .
هەروەک بە هاوخەباتی‌و پێکەوە کارکردنیشمان دەتوانین زووتر پشتیوانی کۆمەڵی نێوودەوڵەتی بەدەستبهێنین بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەم تاوانەی هەموو تاوانەکانی تری دژ بە کورد وەک تاوانەکانی دەرسیم وقارنێ وقامیشلی و تاوانەکنی تر بەرامبەر بە گەلی کوردستان ئەنجامدرا.

سەربەرزی بۆ بنەماڵەی شەهیدانی ئەنفال لە کوردستان، نەمان و ڕسوایی بۆ گشت دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان.

پارتی سەربەستیی کوردستان.

# پیرۆزبایی پارتی سەربەستیی کوردستان، بەبۆنەی یەکی مای ڕۆژی کرێکارانی جیهان.

کوردستانیانی وڵاتداگیرکراو، کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێمافانی گەلی کورد.
بە بۆنەی ڕۆژی ١١ی گوڵان (یەکی مای) سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکات، و هاوکات هیواخوازە کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی گەلی کوردیش لە کورستانێکی ئازاد و دیمۆکراتدا پێشوازی لە ڕۆژی کرێکاران بکەن و داوای مافەکانی خۆیان بکەن.
پەسەندکردنی ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی کرێکارانی جیهانی لە ساڵی ١٨٨٩ی زایینی لە شاری پاریس، بۆ ئەو مەبەستەیە کە ژیان و مافی کرێکاران پارێزراو بێت. بەڵام مخابن لە وڵاتی داگیرکراوی ئێمە هەموو چین و تۆێژەکانی گەلەکەمان و لە سەرەوەی هەمووش کرێکاران مافیان پێشێلکراوەو بەردەوامیش پێشێل دەکرێت.
ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، ئەم ڕۆژە کە ڕۆژی بانگێشەی پاراستنی مافەکانی کرێکارانە، لە گشت کرێکارانی کوردستان و جیهان پیرۆزدەکەین، وبانگێشەی گشت کرێکارو چین وتۆێژێکی کوردستان دەکەین کە پشتیوانی وپشتگیری لە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی وڵاتی داگیرکراومان لە ژێر ستەمی داگیرکەردا ڕزگاری بێت، ومافی کرێکاران وگشت چین و تۆێژەکانمان بپارێزرێت، یەکێک لە ئاوات و پرۆژەکانی دواڕۆژی پارتی سەربەستیی کوردستان کەلە بەرنامەو پرۆگرامی پسک بە ڕەسمی ئاماژەی پێکراوە، خەباتە بۆ بوژاندنەوەی ئابوری و سەربەخۆیی کوردستان لە ڕێگەی کۆمپانیا بە ناوبانگەکانی جیهانەوە.
بەرز و بەڕێز بێت ڕۆژی ١١ی گوڵان(یەکی مای) ، جێژنی جیهانی چینی کرێکار.

www.psk2006.orgسەرکردایەتی پاڕتی سەربەستیی کوردستان .
11ی گوڵان 2711 کوردی –1 مای 2011ی زاینی.

سەرکردایەتی پاڕتی سەربەستیی کوردستان






# وتوویژێکی نەتەوەیی لەگەڵ کاک عارف باوەجانی لە لایەن گۆڤاری کەی 21 لە هەرێمی کوردستان.

گۆڤاری کەی 21 گۆڤارێکی گشتییە کە لە لایەن ڕۆژنامە نووس و نووسەری ناوداری گەلەکەمان مامۆستا مومتاز حەیدەری لە هەرێمی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.



ئەم گۆڤارە لە مێژویی رۆژنامەگەری کوردیدا تاکە گۆڤارێکە بەو قەوارە مەزنە بلا دەبێتەوە کە هەر ژمارەیەکی 600 لاپەرەیە. لەو گۆڤارەدا وێرای هەڵسەنگاندنی چەندین بابەتی گرنگی نەتەوەیی، هاوکات ئاوردانەوەیەکیشە لە گشت کەسایەتییەکانی کوردستانی کە لە مێژوودا خاوەنی شاکارێکی تایبەت بوون.
گۆڤاری کەی 21 بە هۆی جوانی بابەتەکانیەوە خوێنەر هاندەدا کە بەردەوام بن لە خوێندنەوەی گشت بابەتەکانی. گۆڤاری کەی 21 وەک میوانێکی رۆح سووک دەگاتە گشت کتێبخانەو ناوەند و شوێنە گرنگەکانی کوردستان، و بە شێکیش دەگاتە ناوەندە کوردییەکانیش لە هەندەران.
لە ژمارە 10 و 11دا وتوویژێکی گرنگ و نەتەوەیی لەگەڵ سەرۆکی گشتی پارتی سەربەستیی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، کە لەو دیمانەدا تیشک خراوەتە سەر زۆر بابەتی گرنگ.

بە شێوەی خوارەوە فەرموون لەگەڵ دەقی دیمانەکەی بەڕێز عارف باوەجانی.

دیدارێکی نەتەوەیی لەگەلڕ عارف باوەجانی دا سەربەخۆیی کوردستان .. ! ؟

عارف باوەجانی لە سالی 1973 لە رۆژهەلاتی کوردستان لە دایکبووە، لە سەرەتای هەشتاکانەوە بە بنەماڵەوە ئاوارەی باشووری کوردستان بوون و لە کەمپی ئەلتاش ماونەوە، چەند ساڵێک پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی ئێران بووە، لە بنەماڵەی شەهیدە، لەسالی 2005 لەو حیزبە کشاوەتەوە، دوای چەند مانگ لەگەڵ هاوبیرانی پارتی سەربەستی کوردستانیان دامەزراندووە، لەو ساڵەوە کۆنگرەی دامەزراندن و هەروەها کۆنگرەی دووی حزبەکەشیان لە ئەورووپا گرتووە، بە نیازن لەمەولا کە لە باشووری کوردستان نوێنەرایەتیان هەیە بۆنەکانی خۆیان لە پایتەختی هەرێم بەڕێوەبەرن، پارتی سەربەستی کوردستان خوازیاری سەربەخۆییە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و لەو پێناوەدا خەبات دەکات، عارف باوەجانی سەرۆکی گشتی ئەو پارتەیە.
دیداری

پ/ چۆن گەیشتنە ئەو قەناعەتە بۆ دامەزراندنی پارتێکی سەربەخۆ خواز بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و لەگەڵ کێ ئەم بیرۆکەیەت خستە بواری کردارەوە؟
وەڵام/ دیارە لە پاش کارەساتی 11ی سێپتێمبەر دونیا گۆڕانێکی بە سەرداهات، زۆر ئاسایی یە کە رێکخراوێک یان گەلێک ئەو گۆڕانە لە بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە، حکومەتی ئەفغانستان رووخا، دوایی بەعسیش رووخا و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئالوگۆری جیدی بە خۆوە دیت، لە رووخانی بەعسدا کورد هەلێکی بۆ رەخسا و وەک یاریکەرێکی بەرچاو هاتە مەیدانەکە، دیارە لە باشوور هەلی سەربەخۆیی لەلایەن کوردەوە لە دەست چوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بووە لایەنێکی بەرچاوی گۆڕەپانی سیاسی عێراق ، جا لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە دونیا رووی دا، بەداخەوە حزبەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە جیاتی ئەوەکە خۆ لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە رێکبخەن، بەداخەوە وردە وردە دوچاری لێک بڵاوی و ئینشیقاقات و پەرتەوازیی بوون، هەر لە 2003 وە ئەمە هەست پێکرا، من هەر لەوەساوە وەک بیرۆکەیەک من لەگەڵ هاوڕێیانم ئەوەمان هەست پێکرد کە ئەگەر حزبەکانی رۆژهەڵات توانیان ئەو گۆڕانکاریانە دەرک بکەن و خۆی لە بەردا رابگرن ئەوە لە ریزی ئەوان دادەمێنین و ئەگەریش نا ئەوا لەگەڵ دۆستان هەوڵی دامەزراندنی حزبێکی نەتەویی مۆدێرن و سەربەخۆ خواز بۆ رۆژهەڵات کوردستان دەدەین، کە بە ستەری ئامادەیە و ریشەی ئەو خواستە لە ناخی هەموو تاکێکی کورددا هەیە، بە داخەوە حزبەکانی رۆژهەڵاتی ئەمەیان بۆ نەکراوە لە جیاتی بۆ پێشەوە چوون، لێکترازان دەستی پێکرد وەرفەتی ئەوە بۆ ئێمە نەما تا لە نێو ئەواندا پەرە بە بیر و هزری خۆمان بدەین، لەگەڵ ئەوەی کە پێمانوابو رەنگە کاتەکەی گونجاو نەبێ و ئامادەکاری زیاتری بوێت لە 17/2/2006 کە دەبێتە 2/ڕێبەندانی 2705ی کوردی، پارتی سەربەستی کوردستانمان وەکو پارتێکی نەتەوەیی مۆدێرن بۆ خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان راگەیاند.
پ/ لەو کاتەوە تا ئێستا وەزعی رێکخراوەیی و توانای مرۆڤی تان گەیشتۆتە ئاستی بەرچاو.
وەڵام/ لە راستیدا، کاتی راگەیاندنی بیر لە ماوەیەکی زۆر دەکراوە بۆ خۆ گرتن و سەقامگیری و جێگیر بوونی حزب لە ریزی ئەو هێزە سیاسیيانە کە دەیان ساڵە رابردووی خەباتیان هەیە یان لانی کەم ناگەینە ئەو ئاستەی کە ئێستا هەین، بەڵام لەبەر ئەوەی پڕۆژەکە پڕۆژەیەکی نوێ و مۆدێرن وخاوێنە و بیرۆکەکەش بیرۆکەیەکی پیرۆزە لە ماوەیەکی زۆر کەم لە سەرتاسەری ئەو وڵاتانەی کە کوردی لێیە و لە ناوخۆشدا لە زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان تا ئیلام و کرماشان پەیوەندیان پێوەکردین و دەست خۆشیان لێ کردین و هاتنە ریزمانەوە و ئەوەی کە زیاتردلگەرمی کردین لەناوچە لە یادکراوەکان وەک لۆرستان و ئیلام و کرماشان و دەڤەرەکانی دوورتریش وەک خۆراسان و تاران ئامادەی هاوکاری کردنمان بوون.

ژمارەی ١٠
Number 10

پ/ ئایا پێش ڕاگەیاندنی پڕۆژەی خۆتان لەگەڵ هێزی سەربەخۆ خوازی تر ڕاوێژ تان نەکرد تا بەیەکەوە ئەم هەنگاوە هەڵێنێتەوە؟

وەڵام/ لەم ڕۆوە ئێمە بیرمان کردەوە کە لایەنێکی ئەکتیڤ بدۆزینەوە بۆ هاوکاری، ڕێکخراوی وا هەبوون کە لانی کەم سێ هێندەی ئێمە مێژوویان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی چالاک نین تەنانەت بوونی ئەوانیان بە رووی ئێمەدادەدا کە وەختێک حزبێکی وەها بەو بیرۆکەوە هەیە و لە ساڵانێکی زۆوە دامەزراوە، بەڵام لە چەند کەس زیاتر نین ئەمەش دەبێتە ئەنجامی کاری ئێوە، بۆیە ڕەنگ بێت کەس و لایەنێکی وا بیانەوێ هەر لە ئاستی مانەوەی سیاسی دابن و زۆر خۆماندوو نەکەن، کە ئەمەش لەگەڵ ویست و داخوازی ئێمە نەدەگونجا، لەبەر ئەوە ئێمە هەستمان دەکرد کە دەبێ بیرۆکەیەکی وا بە چالاکی و دڵگەرمی و تێکۆشانەوە بۆی بچین، ئێمە دەمانەوێ ئەو بیرۆکەیە ببێتە کولتوور لە ناو جەماوەردا، حزبێکی سەربەخۆ خواز لە ئەورۆپا دروست بێت و هیچ چالاکی و بزوتنێکی نەبێ دەبێتە هۆی دڵساردی کەسانی نەتەوەخوازی تریش، من بۆ خۆم پێش ئەو هەنگاوەی خۆمان پەیوەندیم بە دوو سێ لایەنەوە کرد و ئەوان لەگەڵمان ڕێک نەکەوتن و دەیانوست هەر ئەو چوارچێوەیە بمێنێ ویەکتر بینینەکانی ئوسلۆ و ستۆکهۆڵم بەس بێت بۆ کوردایەتی کردنەکە، منیش بە پێچەوانەوەی ئەوان پێم وابوو کە دەبێ مەسەلەکە دەنگ بداتەوە هەر لە ئەوڕوپا و ئەمریکاوە تا دەگاتە گوندە دوورەکانی ڕۆژهەڵات جەماوەری کورد لە چالاکی و ئامادەکاری مان ئاگاداربن و بتوانن هاوڕێ و هاوکاریمان بکەن.

پ/ ئێوە لەگەڵ کام هێزی سەربەخۆخواز (( نەک حزب و گرووپی فیدراڵ خواز یان ئۆتۆنۆمی خواز)) وەک یەکێتی شۆڕشگێران یان پارتی سەربەخۆیی یان حزبی ڕزگاری لە پەیوەندی دان؟

وەڵام/ ئێمە وەکو پارتی سەربەستی چوارچێوەی خەباتمان ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ڕاستە خۆمان پێ نەتەوەیی یە و باوەڕمان بە ڕزگاری هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش حزبێک نین بۆسەرتاسەری کودستان، ئێمە حەز دەکەین کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا چوار دەوڵەتی کوردی هەبێت، هەر بەشەو تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئێستا ئەو ئاسانکارییەی کە بۆ سەربەخۆیی لە ڕۆژهەڵات هەیە، لە باشوور نییە.

لە ڕۆژهەڵات 5 نەتەوە هەیە لە ناوچەکە و چ دەوڵەتی فارسی تر لە ناوچەکەدا نیە کە لە دەسەڵاتی داهاتووی نەتەوەکانی ترنیگەران بێت لە تەنیشت ئێمە عەرەبی ئەحوازی و بەلوچ و ئازەری داوای سەربەخۆیی دەکەن ئیبشە کە بۆ ئێمە ئاساتر دەبێتەوە لە باشوور تەنیا کوردە و عەرەب هەیە لە پەنای عەرەبەکە 22 دەوڵەتی عەرەبی هەیە، چل دەوڵەتی ئیسلامی هەیە و لەگەڵ زۆر ئامادەکاری، بوونی سەربەخۆیی دەکەوێتە گێرە و کێشە و کارەکە سەخت دەکات، ئەو لایەنانەی کە باسمان کردن یەکیان ویستی لەگەڵ ئەودا کار بکەین و ئێمەش ڕەتمان کردەوە، کە ئێوە چۆن دەتوانن لەلایەک ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بن و باوەڕتان بە ئێرانی فیدراڵ هەبێت ولەلایەکی تر حزبێکی سەربەخۆ خوازبن، من بەش بەحاڵی خۆم پێم خۆش بوو کە لە حزبێکی سەربەخۆخوازدا چاپەزی مەقەڕەکەش بم نەک هەربەر پرسیارێتیم هەبێ بەو مەرجەی کە باسی سەربەخۆیی کوردستان بکات و بەراستی بێت، هەر بۆیە بەوانم وت ئەگەر باوەڕم بە فیدراڵی مابایە هەر لەو حزبەی دا کە چەند ساڵە ئەندامم و دوو شەهیدی بنەماڵەم تێیدا هەیە دەمامەوە.

پ/ کام حزب؟

وەڵام/ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، من تا 2005یش ئەندامی ئەو حزبە بووم، حزبی ڕزگاری کوردستان کە باسمان کرد، خەباتەکەی بۆ باشووری کوردستانە، لە بەرئەوە ئێمە دەتوانین لەگەڵ ئەو حزبانە دۆست بین، بەڵام ناتوانین لە یەک بەرەدا خۆمان ببین ولە توانای هیچ لایەنەکیشماندا نییە کە هەر ئێستا سەنگەر لە چواردە دەوڵەت بگرین، بارودۆخی جیهان ئەم ڕێگایەمان پێنادات، بەڵام دەکرێ لەگەڵ حزبەکانی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەیەکەوە کار بکەین، بۆنموونە کۆمەڵەی پارتی سۆسیالستی دیموکراتی کورستان لە ئێمە نزیکترن و بەیەکەوە کاردەکەین، و هاوپەمانی سەربەخۆ خوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان پێک هێناوە، ئامادەی هاوکاری لەگەڵ ئەو حزبانەی کە باوەڕیان بە سەربەخۆیی هەیە و ڕێنمایەکانی ئەو هاوپەیمانیەتییە پەسەند دەکەن هەین، لایەنی تریش هەیە داوا دەکەن لەگەڵیان بین، من ڕای دەگەێنم کە کۆسپ نین ونابین، هەر لایەک ڕازی بێت لە سەر بنەما سەرەکییەکانی پەیوەندی ، ئەوە بە دڵنیایەوە لەگەڵی دەبین.

پ/ بۆ پێت وایە لە باشوور هەلی سەربەخۆیی لە دەست چووە؟

وەڵام/ ئەوە منیش دەیلێم و خەڵکی تریش دەیلێنَ، بەڵام مرۆڤ تا خۆی لە مەسەلەکەدا نەبێت نازانێت چەندی کۆسپ لە پشتەوە هەبووە، ئەگەر دەسەڵاتدارانی دوو حزبی سەرەکی کوردستان وەک پارتی و یەکێتی ئەوکات بۆ خۆیان جەماوەریان هاندا با و دوای نەمانی سەدام نەچووبانە بەغدا و کۆنترۆڵی تەواوی کەرکوکیان بگرتبا دەست و ئەگەر ئەو هاوپەیمانی و دۆستایەتی کە ئێستا هەیانە، ئەو سا هەیان با مەسەلەکە جۆرێکی تری لێدەهات، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەندێک دەرفەت هەبوو لە دەست چوو، زۆر لە دۆستانی کورد نووسەری بیانیش پێیان وایە کە کورد دوای ڕوخانی سەدام هەلی باشی بۆ سەربەخۆیی لە دەست داوە، دیارە فشاری نێودەوڵەتی و دراوسێیەکان زۆر بووە، بەڵام خۆ ئەگەر بە ملیۆن خەڵک کێشرابانە سەر شەقام بۆ سەربەخۆیی کە ئەوە ویستی خەڵکە، زەمانی وەی نەبوو کە لایەنێک بێت و شەڕ لەگەڵ ئەوخەلکە بکات و بە ملیۆن خەڵک لە سەر شەقام بکوژرێت، نموونە زۆرە وڵاتی دیکە بووە، کە ڕای گشتی و جیهانیشی لەگەڵ نەبووە بەڵام چونکە سەربەخۆ خواز بوون و لە سەر ئێرادەی نەتەوەیی خۆیان ڕاوەستاون، سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندووە.

پ/ باست کرد کە لە 2003وە حزبەکانی ڕۆژهەڵات بەرەو دابڕان و ئینشیقاق چوون، هەر خۆشت وتت کە تا 2005 ئەندامی حدکا بووی، ئەمە زیاتر ڕوون بکەوە؟

وەڵام/ تا 2005یش ئینشیقاق لە حزبی دیموکراتدا ڕووی نەدا بوو و پێم وابوو دەبێ هەوڵ بدرێ کێشەکە چارەسەر بکرێ، دوای کۆنگرەی 13 کێشەکە سەری هەڵدا، من پێم وابوو چارەسەری دەبێت و ئەگەری مانەوەی ڕێککەوتنەوە هەیە و پێویست ناکات حزبێکی تر دابمەزرێ و ئەوەندە حزب لە ڕۆژهەڵات هەبێت کە بیری نەتەوەیی لە بیر بچێتەوە و خەڵک زۆر ماندوو بێت، دوایی دیتم نەخێر وەزعەکە بەرە و خراپی دەڕوات بۆیە تا 2003یش خۆم ڕاگرت لە ئەنجامدا بە شێوەی ڕێک و پێک دەست لە کارکێشانەوەی خۆم نارد بۆ سکرتێری گشتی حزب و ئەو کۆمیتەیەی کە پەیوەندی بەمنەوە هەبوو، دوای واز هێنان ئیتر لەگەڵ هاوبیرانم بڕیارماندا کە خۆ کۆبکەینەوە و 8 مانگ دوای وازهێنام پارتی سەربەستی کوردستانمان ڕاگەیاند.

پ/ پارتی سەربەستی کوردستان داوای سەربەخۆیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات یان بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان ؟

و/ پارتی سەربەستی داوای سەربەخۆیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات و خۆی بە پشتیوان و هاندەری بەشەکانی تری کوردستان دەزانێت، هەروەها هەموو بەشەکانی کوردستان بە خاک و بە نەتەوە بە یەک وڵات دادەنێت و ئەو دابەش کردنەی کە داگیرکەران کردوویانە بە شێوەیەکە کە گونجاو نی یە لەو هەل و مەرجەدا تێکڕا داوای یەک دەوڵەتی کوردی بکەین، من پێم وایە ئەو یەکدەوڵەتە کوردی یە ڕاگرین بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەو کات کە ڕزگار بوو، با پەرلەمانەکانمان لە کاتی خۆیدا ئەو شتە بخەنە بەر باس، کە یەک دەوڵەت بین یان چوار دەوڵەت، زۆر نەتەوەی دیکە هەن کە سەرەرای یەک نەتەوەیی و یەکرەگەزی بوون چەند دەوڵەتیان هەیە، خۆ ئەگەر بتوانین چوار سوپا و چوار نوێنەر لە یوئێن و چوار دەسەڵاتمان هەبێت ئەوا هێزێکی بەرچاوین لە ناوچەکەدا، دوژمن وای لێک دابڕیوین کە زۆری دەوێت تا بە یەک بلکێندرێینەوە، سەرەرای ئەوەش من داوام ئەوەیە کە ئێمە کورد چیتر خەبات نەکەین لە پێناو ئاوەدان کردنەوەی تاران و ئەنکەرەو دیمەشق و بەغدا، حەول بدەین شارو ناوچەکانی خۆمان بکەینە ناوەندی بڕیاردان، چی تێدایە ئێمە لە کرماشان بڕیاری خۆمان بدەین نەک لە تاران؟ یان خەڵکێکی وەک عەلی ڕەزا نوریزادەو کەسانی تر بیانەوێت ڕیگەمان پێ شان بدەن و چارەنووسمان بۆ دیاری بکەن، مادام زیاتر خەبات دەکەین و زیاتر ماندوو دەبین با کەسایەتی خۆمان ببیننەوە و خۆمان لە ئاستی خەڵکی تر بزانین، با سەر بەخۆ خوازی وەک مەترسی و دڵەراوکێ یەک لە گۆرەپانی ناوچەکەدا نەهێڵین و بیکەین بە ڕۆژەڤی ڕۆژانەمان کە خەڵک هەمووی باوەڕی پێ ی هەیە، لێ بگەرێین خەڵک بیر لە سەربەخۆیی بکاتەوە، بە داخەوە زۆربەی حزبەکانی تری ڕۆژهەڵات لەوانەی پۆلی یەکەمی خۆیان دا فێرمان دەکەن کە ئێرانی بین، حەول بدەین کە ئەو ووشەو ڕستانە لابدەین، ئەوە دەسەڵاتی ئێرانە کە وڵاتی لێ داگیر کردووین، با چیتر کەس و کاری خۆمان هەر لە منالیەوە فێری خۆشەویستی ئێران و ئێرانچیەتی نەکەین، ڕەنگە ئەو پڕۆژەیە هەتا هەشتا ساڵی دیکەش بە ئاگام نەکات بەڵام دواخستنی زیانبەخشەو نابێ وەدوای بخەین .

پ/ ئایا ئێوە لەناو نەتەوەکانی تری پێکهاتەی ئێران دۆست و هاوپەیمانتان هەیە ؟ ئایا ئێوە توانیوتانە لەگەڵ سەربەخۆخوازەکانی نەتەوەکانی تری ئێران پەیوەندیتان هەبێت؟

و/ وەڵام ئێمە پەیوەندی باشمان لەگەڵ سەربەخۆ خوازەکانی تری نەتەوەکانی تری ناو ئێران هەیە، لەگەڵ عەرەبەکان بۆ نموونە بەرەی دیموکراتیکی بەرەی عەرەبی ئەحواز کە بە داخەوە ئینشقاقیان تێ کەوتووە پەیوەندیمان باشە، لەگەڵ بەرەی ئازادی خوازی ئەحواز، هێزی بەرگری بۆ رزگاری ئەحواز کە بریتین لە چوار لایەنی سەربەخۆ خوازی ئەحوازی و زۆریش بەهێزن، هەروەها لەگەڵ (زرمبەشک) کە لە چەند هێزی سەربەخۆ خواز پێک هاتووە بەینمان باشە، هەروەها لەگەڵ بەلوچەکان بۆ نموونە بەرەی ئازادی بەخشی بەلوچستان و کۆنگرەی نەتەوەی بەلوچستان لە پەیوەندی داین، لەگەڵ ئازەریەکانیش پەیوەندی باشمان هەیە، بەڵام بەداخەوە وەکو جاران نی یە، چوونکە هەر چەندە ئەوانیش سەربەخۆ خوازن بەڵام بێ ریزی بە خاک و ناوچەکانی کوردستان دەکەن، ئێمە سەرەرای ئەو هاوپەیمانیەتیەی کە لە کەنەدا لەگەڵوان پێکمان هێنا، لێیان دوورکەوتینەوەو بە ئاشکرا رامانگەیاند کە ئێمە لەگەڵ هەر لایەنێک لە پەیوەندی دابین، دەبێت ئەو لایەنە چەندەی رێز و خۆشەویستی بۆ نەتەوەکەی خۆی هەیە ئەمەنەشی بۆ کورد هەبێت، لە راستیدا ئێمە ناتوانین لەگەڵ لایەنێک دۆست و هاوپەیمان بین کە لە سایتەکەی جنێو بە کورد دەدات، منی پێ باش بێت بەڵام لایەنەکانی تری کوردی بە خراپ بزانێت، ئێمە لە لای هیچ غەیرە کوردێک رێگە نادەین سوکایەتی بە کورد بکرێت، لەگەڵ ئیدانەکردنی ئیدارەی فەرهەنگی تورکمان سەحرا نێ،انمان خۆشە، هەروەها بریار وایە بیست و سێ ی مانگی داهاتوو لە زانکۆی ئاکسفۆردی لەندەن کۆنفراسێکی سەرتاسەری ببەستین لەگەڵ ئەو هێزانەو کۆبەندێک بەناوی کۆمیتەی نەتەوەکانی ژێر ستەمی ئێران دروست بکەین کە هەموو لایەنەکان لەم کۆڕی ئەم کۆبەندەدا بە جل و بەرگی نەتەوەیی خۆیان لەلایەن چەند ئەندام پەرلەمانێکی بەریتیانی پێشوازی دەکرێت، ئێمە بە نیازی کاری هاوبەشین و دروشمی ئەو کۆڕەش ئەوەیە کە نەتەوەکانی ژێر ستەمی ئێرانی دەیانەوێت لە ئێران جیا بنەوە و سەربەخۆ بن، تەنانەت من دوای گەرانەوەم بۆ ئەوروپا دەچمە کانەدا و دوایش بۆ بەریتانیا، بۆ ئەو کارە هاوبەشەی کە برادەرانی ئەهوازی پێیەوە هەستاون، حەزدەکەم دووپاتی بکەمەوە، کە ئەو لایەنانەی لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران هەن جگە لە حزبە کوردیەکان کە خاوەنی هێز و نفوزن زۆر لاواز و بێ هێزن لە ئاستی نەتەوەکانی خۆیاندا، لایەنە بە هێزەکانی ئەو نەتەوانە سەربەخۆخوازەکانن، ئەوان خۆیان بە ئاشکرا دەڵێن کە ئێمە لە کوردەوە فێری سیاسەت و خەبات بووین کەچی سەرەرای ئەوەی زۆر درەنگ دەستیان پێ کردووە داوای سەربەخۆیی و جیا بوونەوە دەکەن لە حاڵێکدا کورد داوای ئاوەدان کردنەوەی تاران دەکات و بەوە دڵخۆش دەبێت کە جارێکی تر تەسلیمی قەول و بەڵێنیەکانی فارس بێت لە تاران و وەک هەمیشە کە بەسەرمان زاڵ بوونەوە کورد ناناسن و پێمان دەکەونەوە هەروەکو دیتمان لە سەرەتای شۆرشی گەلانی ئێران کۆماری ئیسلامی چۆن جێ ی خۆی کردەوەو یەکەم گورزی خۆشی لە سەر سەری کورددا تاقی کردەوە، جێگا داخە کەڵک لەو ئەزموونە تاڵانە وەرناگیرێت و بە خۆش باوەڕیەوە دەژین تا فارسێک لە واشنتۆن و پاریس قەول و بەڵێنیان دا کورد باوەری پێ دەکاو ئاسانکاری بۆ دەکات، فارسی وا هەبووە کە زۆر ناسراو نەبووە کەچی لە رێگای راگەیاندنەکانی کوردەوە خزاونەتە هەموو ماڵەکان و زۆری وەک فلان و فیسار کە دەنەفەریان نی یە لە تاران و شارەکانی تردا کورد لە ناودارەکانی خۆشمانیان زیاتر بە ناو بانگ کردوون، ئێمە وەک پارتی سەربەستی دژی ئەمجۆرە کارانە هەڵوێست وەردەگرین.

پ/ ئێوە کە داخوازی سەربەخۆیی رۆژهەڵاتی کوردستانن چۆن دەتانەوێت لەگەڵ دیموکرات و کۆمەڵەو فیدرالخوازەکان هاوکار بن ؟ ئایا پێتان وایە فیدراڵیەت هەنگاوێکە بەرەو سەربەخۆیی؟

و/ شێوەی هاوکاری جیایە، وڵاتەکەمان بەدەست یەک دووژمنەوە داگیر کراوە، دەیان پرۆتۆکۆلی هاوکاری هەیە کە دەتوانین لەسەری کۆک بین، لەو نێوەیەدا مەسەلەی ئایدۆلۆژی جیایە بۆ یەک بوون زۆر خاڵ هەیە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی نەتەوەکەمان، هەروەها دوورخستنەوەی گەلەکەمان لە شەری براکوژی و تاڵان کردن و پاراستنی خاکی وڵاتەکەمان، مەرج نی یە چوونکە ئێمە داوای سەربەخۆیی دەکەین نەتوانین بە یەکەوە دۆست بین، یان دژی یەکتر بین، یەک بوونمان ئەساسە بۆ پاراستنی خاک و نەتەوە، لەدوای رووخانی کۆماری ئیسلامی بە داخەوە زۆر کارەساتی مەترسیدار چاوەرێ دەکرێت، ئەوانەی پێیان وایە کە سەربەخۆیی ئێ ًستا کاتی نی یە، بۆچوونی خۆیانە لە هەمان حاڵیشدا لە سەر ئەو باوەڕەی کە تا لەو حزب و لایەنانە نزیکتر بین زیاتر دەتوانین کاریگەری خۆمانیان لەسەر دابنێین، ئێمە سەنگەر لە حزبەکانی تر ناگرین، چوونکە داوای سەربەخۆیی ناکەن، دەبیت کارێکی وا بکەین کە لانی کەم ئەندام و لایەنگرەکانیان گوێمان لێ بگرن، با هەموو لایەک تێ بگەن کە سەربەخۆیی ئەو مینە مەترسیدارە نی یە کە بەرووی کورددا بتەقێتەوە، ئێمە لەسەر ئۆتۆنۆمی کەسایەتی وەک شەهید قاسملوومان لە دەست داوە، ئێستا هاوڕێکانی دکتۆر قاسملوو لەریزی سەرۆکانی وڵاتانی ئەورووپاین، لەسەر ئۆتۆنۆمی لە باشوور سەد و هەشتا هەزار ئەنفال کراومان هەیە و کیمیا باران کراوین، ئایا ئەگەر داوای ئۆتۆنۆمی و فیدرالیمان کرد هیچ کەس بە چەپکە گوڵەوە دێتە پێشوازیمان ؟ تا لە داواکردنی سەربەخۆیی لێمان دڵگران بن ؟ بۆ هەموو داخوازیەکانی کورد هەمان لێدان و هەمان سزایە، دڵنیام ئەگەر خەباتەکەمان سەربەخۆ خوازانە بووایە ئێستا دەنگدانەوەی زیاتری هەبوو ،بە داخەوە ئێمە کێشەی نەتەوەکەمان کردۆتە بنەماڵەیی، بۆ لە دەرەوە وا تێ بگەن کە ئێمە کێشەیەکمان هەیە لەگەڵ باوکمان کە ناوی ئێرانەو ئێمە منداڵە ووردەکانی ئەوین ؟ کورد منداڵێکەو بەلوچ منداڵێکی ترەو ...... ئێمە تا ئێستا نەمان توانیوە کێشەکەمان وەکو کێشەی فەلەستین و کۆسۆفۆی لێ بێت، نێو دەوڵەتیمان نەکردووە، حزبی ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێت نزیکایەتی حزبەکان لەسەر ئەو خاڵانە بێت کە بەرژەوەندیەکانی گەلمان دەپارێزێت.

پ/ ئایا پارتەکەی ئێوە لە ئاستی جەماوەری یەوە توانای ئەوە هەیە کاریگەریەکی وای هەبێت؟

و/ ئێمە ناڵێین زۆر شتمان کردووە بە پێ ی بێ ئیمکاناتی و تەمەنی کەممان تا رادەیەکی باش چووینە پێش و کارمان کردووە .

پ/ تا ئێرە چەند لە بەرەو پێشەوە چوونەکەتان رازین ؟

و/ ئێمە لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان و ... تا دەگاتە موکریان و دەڤەرەکانی تر توانیومانە ریکخستنمان هەبێت لە ئاستێکی باش، لە ناو کوردەکانی هەندەران لە زۆربەی ووڵاتان کۆمیتەمان هەیە، توانیومانە لە نێو ناوەندی لیبرال دیموکراتەکانی جیهان پەیوەندی دۆستانەی باشمان هەبێت، هەموو ئەو پەیوەندیانەشمان لەبەرژەوەندی گەلەکەماندایە تا بەرژەوەندی تەسکی حزبی، ئێمە زۆر جار لەگەڵ ئەورووپیەکان لەسەر مەسەلەی کەرکوک قسەمان کردووە، یانی ئێمە بەردەوام لەسەر کێشەی کورد لە هەر پارچەیەک کار دەکەین و ئێمە چەندین جار مەسەلەی ئاسیمیلاسیۆنکردنی کوردمان بە هەزار شێوە بۆ ئەورووپایی و ئەمریکایەکان باس کردووە .

پ/ زۆرجار کە باس لەو چالاکیانەی دەرەوەی ئێوە دەکرێت، پێتان دەڵێن عارف باوەجانی خۆی و دووکەسی ترە هەروەها دەڵێن حزبێکی ئینتەرنێتی یەو کەسیان نی یە، ئەمە تا چەند راستە؟

و / دیارە ئەگەر حزبێک ئەو هەموو چالاکیە بە یەک کەس بکات، دەبێت دەستخۆشی لەو کەسە بکرێت، زۆرمان لەو قسانە پێ ووتراوە حزبی ئینتەرنێی، حزبی یەک دووکەسی ... ئێمە خۆشحالین کە قسەی خراپمان لەسەر ناکەن، هەر ئەو تەبلیغاتانەی کە دەیکەین نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە چالاکین و وەک خەڵکی تر دەستەو وەسان نەوەستاوین، ئێمە کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسمان نی یە، بەڵکو کۆمیتەی سەرۆکایەتیمان هەیە کە 9 کەسین، لەو 9 کەسە سێ یان کۆمیتەی سەرۆکایەتین کە بریتین لە سەرۆکی گشتی و دوو جێگرەکەی، کاک ئیبراهیم جاف و کاک فەرهاد جەهانگیری بەردەوام لە چالاکی دان و لە رۆژنامەو سایتەکانیشدا بابەتەکانیان بڵاو دەبێتەوە، بەشێکی زۆرمان لە باشووری کوردستانین بەڵام بە داخەوە لەبەر ئەوەی نەمانتوانیوە بژێوی ژیانی هەموو ئەندامانمان دابین بکەین بە پێویستمان نەزانیوە وەکو پێویست ئاشکرایان بکەین، من زیادەرەویی ناکەم بەڵام لە خانەقین تا هەولێر ئێمە هاوبیرمان هەیە و ئەگەر رۆژێک وەک حزبەکانی تر ئۆردوگاو کەمپ بکەینەوە، ژمارەی ئەندامەکانمان لە حزبەکانی تر کەمتر نابێت، ئێمە بۆخۆمان لە باشوور کارەکانی خۆمان وەستاندبوو تا بتوانین راستەوخۆ نووسینگەو نوێنەرایەتی لە پایتەخت بکەینەوە، بە هەر حاڵ ئێستا نوێنەرایتیمان هەیە لە هەولێر لەگەڵ ئەوەی کە لە ناوەخۆش بەردەوام چالاکی و پەیوەندیمان هەیە، بەراستی حزبێکی ئینتەرنێتی دوکەسی ئەو هەموو وڵاتەی پێ دەکرێ ؟ ئەو هەمووە چالاکیەی پێ دەکرێ ؟ من دوای سەفەری کوردستان لە 9ی مانگ لە تۆرۆنتۆم. لە 11 ی دەبێت لە تالەرگەری بم، 14 ی لە بانکۆڤەرم، دوبارە 16 ی مانگ دەگەرێمەوە تۆرۆنتۆ، دوایش بچمە لەندەن بۆ کۆنفراسەکەی کە بۆم باس کردیت، ئەگەر لە زۆر جێگا من کە بە تەنیا دەچم لەبەر ئەوەیە کە هاوبیرانی ترم مەشغولی کاری دیکەن، کاک ئیبراهیم جاف سەرۆکی گشتی بەرپرسی هەموو ئەوروپای ئێمەیە، لە زۆر کار و دیداری جیهایدا بەشدارە، ئەو کۆمەڵە

خەڵکەی کە لە ناوەخۆی وڵاتدا هەن ناکرێت ئاشکرایان بکەین، کێ دڵی بە چی خۆشە با بیڵێت، ئێمە خۆشحالین کە وەک خەڵکی تر درۆ و قسەی خراپمان لەسەر ناکرێت، بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم کە پارتی سەربەستی هەر عارف نی یە و ئەگەر عارفیش بە تەنیا هەموو ئەو کارانە بکات جێگای شانازیە .

پ/ئایا ئێوە نووسینگەتان لە هەولێر کردۆتەوە؟

و/ بەڵێ لە مێژبوو خەریک بووین مۆڵەتمان پێ نەدەدرا، فشارەکانی وڵاتانی دراوسێ بۆ سەر هەرێم زۆر بوو، لەلایەکی تر سەرکردایەتی سیاسی کورد لە باشوور بە کۆمەڵێک کێشەو گرفتی ئەو حزبانەی ڕۆژهەڵاتەوە خەریک بوو، ئەمەش جێگای نیگەرانی بوو کە سەرەرای ئەو هەموو حزبەو ئەو هەمووە کێشەیە حزبێکی تریش بێت لە هەولێر نووسینگە بکاتەوە کە دروشم و داواکاریەکەی لە مەر کورد لەوان گرنگترە، ڕەنگە کێشە دروست بکات بۆیە من لەسەر بەڵێنی ئەوان ڕاوەستابووم و قەناعەتیشم بە دەلیلەکانیان هەبوو، کە پێیان دەگوتین پەلە مەکەن، ئێرە بەشێکە لە وڵات و خاکی خۆمان و ئەگەر هاوکاریشمان بکەن ئاساییە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هیچ هاوکاریەکی ماڵی و سیاسی و مەعنەویان نەکردووین . بۆخۆمان هاتووینەوە کوردستان .

پ/ مادام جەنابت میوانی کۆنگرەی 13ی پارتی دیموکراتی کوردستان بوویت، وەک حزبەکانی تری ڕۆژهەڵات و نووسینگەشتان لە هەرێم کردۆتەوە، ئاساییە ئەوەی بۆ ئەوان دەکرێت بۆ ئێوەش هەبێت؟

و/ وەڵا پێمان خۆشە وابێت، بەڵام تا ئێستا وا نەبووە، بەشداری لە کۆنگرەش بە مانای ئەوە نی یە کە چی ئیمکاناتێک هەبێت دەخرێتە بەردەستمان، ئێمە لە کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانیشدا بەشداریمان کرد و میوان بووین، لە پارتیش وەکو هەموو حزبەکانی تری هەر چوار پارچەی کوردستان، دیارە چاوەڕێ ی هاوکاری و ئەوانین، ئەوان بەشێکن لە وڵات و نەتەوەی خۆمان، خۆ ئێمە داوای هاوکاری لە خەڵک و وڵاتێکی بێگانە ناکەین، بەڵام ئەوەت پێ بڵێم تا ئەو دەقەیەی کە بەیەکەوە دانیشتووین هیچ هاوکاریەک نەکراوین.

# تەنیا ڕێگای گەیشتن بە بایخە مرۆیی، کۆمەڵایەتی و ئینسانیەکان بایخدانە بە هزری سەربەخۆیی.




بوونی هەستی نەتەویی و هزرە میللی و نەتەوایەتیەکان دەبێتە یەکەم بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی گشتی و پێشکەوتوو کە لەوێدا بەرهەمە خۆماڵیەکانی وەک ئازادی وبایخە کۆمەڵایەتیەکان بەرهەم دەهێنرێن، کەواتا بۆ وەدستهێنانی باییخە مرۆیی وئازادیەکان دەبێت خەباتێکی گشتگیر دەستپێبکەین کە پێکهاتوو بێت لە هەموو چین و توێژەکانی نێۆ کۆمەڵ بۆ دەستەبەرکردنی مافە ئینسانی و ویستە سرووشتیەکانی هەڵقوڵاوی نێۆ کۆمەڵە ژێر دەستەکان...

بوونی هەستی نەتەویی و هزرە میللی و نەتەوایەتیەکان دەبێتە یەکەم بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی گشتی و پێشکەوتوو کە لەوێدا بەرهەمە خۆماڵیەکانی وەک ئازادی وبایخە کۆمەڵایەتیەکان بەرهەم دەهێنرێن، کەواتا بۆ وەدستهێنانی باییخە مرۆیی وئازادیەکان دەبێت خەباتێکی گشتگیر دەستپێبکەین کە پێکهاتوو بێت لە هەموو چین و توێژەکانی نێۆ کۆمەڵ بۆ دەستەبەرکردنی مافە ئینسانی و ویستە سرووشتیەکانی هەڵقوڵاوی نێۆ کۆمەڵە ژێر دەستەکان. لێرە دا ئەرکی بە دەستهێنانی ئازادی دەکەوێتە ئەستۆی هەموو تاکێکی نێۆ کۆمەڵگا لە بەر ئەوە ئازادی ویستی هەر کەسێکی زیندوو و چالاکی نێو هەر کۆمەڵ وتەیفێکە. کاتێک خەباتێکی گشتیر بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی ومافە کۆمەڵایەتیەکان دەست پێ دەکات، ویستە گشتیەکان دەبێتە هۆی چرۆ وبزواندنی ویستە خۆماڵیەکان و لە ئاکام دا خۆی لە چوارچێوەی مافی نەتەوایەتی و خەباتێکی ڕزگاریخوازی گەلانی بندەست بۆ بە دەستهێنانی چاوگە ئینسانی و مافە کۆمەڵایەتیەکان دەبینێتەوە، وە لەو پێوەندیەدایە کە دەری دیالۆگ وگفتوگۆکان دەبێتە هۆی پێکهێنان و دەستەبەرکردنی جۆرە لێکتێگەیشتنێک، ئەندیشە و هزرێک کە لە ناخی دڵی مرۆڤگەلیکی ساف و بێگەردەوە هەڵدەقوڵێت و سەرچاوە دەگرێت، لە ئاکامدا هەستە نەتەوی و ویستە چینایەتیەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵە گشتیەکاندا پێک دێنێت وخۆیان لە نێو ئەو بازنە میللیانەدا دەبیننەوە. لێرەدایە کە بایخە میللەکان دەبنە ئەساس و دەسپێکی خەباتی ئێمە لە قۆناغە جیاواز و دژوارەکانی زاڵ بە سەر ئەو هزرە کە لە سەر ئاسۆدایە بۆ لاوازکردنی بیر و هزرە نەتەوەیی و ئینسانیەکان. لە ڕاستیدا ئەم بیرۆکەیە لە دژی ئەو ڕەوتە کەلتوریانە سازکراوە کە دەیهەوێت بەربەستێک بێت لە بەردەم ئەو هەوراز و نشیوانە کە لە ئاست پێکهێنانی پرسە چارەنووسازەکاندا ڕاوەستاوەن، چونکو ئەو ئەندیشە دەبێتە ڕێگر لە نەخۆش کردن و تێکدانی کۆمەڵە سالمەکان ونایهەوێت کە لە مرۆڤەساغەکان کەسایەتییێکی تێکشکاو، دارماو ساز بکەن کە لەناسین و توانایی هزری خۆیاندا کارامە وبەبیر وبروانەبن. ئێمە ئەگەرچاو لەو کۆمەڵ و وڵاتانە بکەین کە بەدەست سیستمێکی دواکەوتو، دیکتاتۆر ودەسەڵات بەدەستەوە دەناڵێنن، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لەهەرنیگایەکەوە چاوی لێبکەین ئەو کۆمەڵگانە گیرۆدەی بێکاری، نەخوێندەواری، مەوادی موخەدر و نەخۆشینە جۆربەجۆرەکانی وەک نەخۆشینی دەروونی وبێتوانایە مێشکییەکانەوە دەناڵێنن وبەکەلتورێکی دۆگما و داپۆشراو لەسۆنەتەکۆنەکان کە ڕێگر دەبن لەپێشکەوتن وکرانەوە بەڕووی دوونیای دەرەوەدا، لە ئەو وڵاتانە کە سیستمی سیاسی ودەسەڵات بەدەست ئەو سیاسەتەی لە پێش گرتە بێت لەوێدا کارەساتێک ڕوودەدات کە ئاسەوارەکانی دەیان وبگرە سەدان ساڵ دەمێنێت ومرۆڤەکان نەک هەرتوانایی بیرکردنەوە و بڕیاردانیان لە سەر ژیان وداهاتووی خۆیان نامێنێت بەڵکو کەسایتییەکی ناتەواو وخۆ بەکەمزان لە چاو کۆمەڵگاکانی تر بار دێنێت وە کارەساتەکە گشتگیر دەبێت وپەل ڕادەکێشێت بۆ دارمانی کۆڵەکەکانی شۆناسی نەتەوەیی وبە لاڕێدابردنی کەسایتیە نەخۆشەکان ولە ئاکامدا بە ئەوجۆرەسیستمانە وابەستەیان دەکەن و هێدی هێدی سیستمی ئاسیمیلاسیۆن و ئاسیمیلەکردنی کەلتوور، فەرهەنگ، داب ونەریتی ئەو نەتەوە ژێردەستانە دەستپێدەکات. کۆمەڵەی دواکەوتووی نەتەوە ژێردەستەکان لەسەدەی ڕابردوودا قۆناغ گەلێکی زۆر ناسک و دژواریان تێپەڕاندووە، بەڵام لەو سەردەمەدا زۆر بەکەمی سیستمی ئاسمیلەکردن توانیوێتی زمان و ڕەسەنایەتی نەتەوەکان لاوازبکات لەبەر ئەوەی کە دەسەڵاتیان بەسەر هەمووناچەکان دا ڕانەدەگەیشت و لە ژێر کۆنترۆڵی ناوەندەکاندا نەبووە، بەڵام بەداخەوە لەم سەدەمە دا کە دوونیا قۆناغە سەختەکانی بڕیوە و لەگەڵ تێکنۆلۆژی وکەرەستەی مودێڕن وسەردەمدا ڕووبە ڕووین کە هندێک جار باس لەوە دەکەن کە دوونیا وەک گووندێکی لێهاتووە و لە ڕاستیشدا وایە ئەمڕۆ لە سوچ و کەنارەکانی دوونیا پێشهاتێک ڕوو بدات ئەوەندە نابات کە لە هەموو دوونیا دا دەنگ دەداتەوە و خەڵک ئاگادار دەبن. لێرەدایە کە مەترسی تێکدان و شۆردنەوەی زمان و کەلتووری میللەتە ژێر دەستەکان زۆرتر دەبێت، چونکو لە ڕێگای ڕاگەیاندنی وەک تیڤی ، ڕادیۆ، گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە نەتەوە باڵا دەستەکان زمان و کەلتووری خۆیان دەسەپێنن بەسەر نەتەوەکانی تردا، لەوە پڕ مەترسیدارتر ئەوەیە کە لە قوتابخانەکان دا زمانی زگماکی، دایکی ونەتەوەیی ئەو نەتەوە ژێر دەستانە یاساغکراوە و منداڵانی ئەو میللەتانە تووشی هندێک نەخۆشینی دەرونی دەبن کە پەیوەستە بە خویندنەوە، لە هندێک کاتدا بەشێکی زۆر لە منداڵان یان تەرکی خوێندن دەکەن یان ناتوانن بە شێوەی پێویست درێژە بە خوێندن بدەن وە ڕقیان لە زمانی دایکی خۆیان دەبێتەوە، لە بەر ئەوە لە ڕەوتی پێشکەوتنی ئەواندا بە کاریان نەهاتووە، هەروەها ئەو بەشەش لە منداڵان کە سەردەکەون بۆ قۆناەکانی تری خوێندن و خوێندی باڵا بە کەلتوور و زمانی نەتەوەی باڵا دەست گۆش دەکرێن کە زمانی خوێندنیان لە زمانی زگماکی خۆیان زۆر خۆشتر دەوێت و هەر دەم خولیای شیعر و ئەدەبیاتی نەتەوەی باڵا دەست دەبن کە لەوانەیە زۆر جار زمانەی نەتەوەی باڵا دەست کە زمانی دایکی داگیر کردووە و بووەتە هۆکاری لە بیر چۆنەوەی زمانی زگماکیان، دیفاعی لێ دەکەن و دەوڵەمەندی زمانی نەتەوەی باڵا دەست بە سەر ڕۆخساری زمانی خۆیان دا دەکێشن. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە بچین بۆ گوندێک و لە گەڵ پیاوێک یان ئافرەتێکی بە تەمەن دا قسە بکەین بۆمان دەر دەکەوێت کە ئەوان زۆر لە ئەو کچ و کوڕە خوێندەوارانە باشتر بە زمانی زگماکی خۆیان قسە دەکەن و زاڵن بە سەر ئەو زمانە دا، هەوەها ئەگەر بۆ ناچەیەکی کوێستانی بچین کە قوتابخانی تێدا نییە و دەستیان بە تیڤی و کاناڵە دەوڵەتیەکاندا ڕاناگات کەچی هندێک وشە ی ڕەسەن دەبیستین کە بۆ ئێمە نامۆیە و تێگەیشتن لێیان دژوارە و زۆرتر لە گەڵ فۆلکلۆری کۆن و ڕابردووی خۆمان دا ئاشنا دەبین، کەواتا نەتەوەی باڵا دەست لە تێکنۆلۆژی و کەرەستەی سەردەم بۆ تواندنەوەی زمان و کەلتووری نەتەوە ژێر کەڵک وەردەگرێت و بە کاری دەهێنێت.

لەم سەردەمەدا دەستی زۆر لە ڕێکخراو، بزووتنەوە سیاسی و مەدەنیەکانی نەتەوە ژێر دەستەکان بە تێکنۆلۆژی، ئینترنێت، ڕادیۆ و تیڤییەکان ڕادەگات و دەتوانن وەک کەرەستەیەک کە خزمەت بە کەلتوور و زمانی زگماکیان بکەن بۆ ئەوە لە سیاسەتی چەوتی نەتەوەی باڵادەست ڕزگاریان بێت و شکست بە ئەو خەونە چەوت و گڵاوانە بهێنن کە لە هەوڵی تواندنەوە و ئاسیملە کردنی شۆناسی نەتەوەیی دایە، کەچی بە داخەوە بە هۆی نەبوونی ئەزموون یان بە دامەزراندنی کەسانێکی نەشیاو لە ڕاگەیاندنەکاندا کار ئاسانیان بۆ سیاسەتی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان کردووە و ئەو هەوڵەیان بۆ دووژمنان ساناترکردووە، کەواتا لێرەشدا لە بەر نەبوونی ئەزموون و مرۆڤی ناشارەزا خۆمان زۆرتر و ساناتر کەلتووری خۆمان لاوازی دەکەین و ناتوانین بە شێوەیکی ڕێک و پێک لەم جۆرە کەرەستانە بۆ قازانج و بەرژەوەندی نەتەوایەتی کەڵک وەر بگرین. هندێک جار لە بەر سیمای جوانی کچێکی ناسک لە بەر شاشەی تیڤی دادەنیشێت و ئیتر ناپرسن کە شارەزایی لە ڕاگەیاندن دا هەیە!! ئایا ڕاگەیاندنی خوێندووە یان هەر دەتوانێت ڕۆخساری ناسک و جوانی دەر بخات و خەڵکەکەش بەو شێوەیە بار هاتووە کە ئەگەر کچەکە جوان بوو هیچ ڕەخنەیەکیان لە بەرنامە و پڕۆگرامەکە نییە وە...!!! نمونەیەکی تر کە لە سێ، چوار ساڵی ڕابردووە دا ڕووی داوە پەیدا بوونی هندێک موسیقا ژەنن کە هیچ شارەزاییەکیان لە موسیقی وئاوازی کوردیدا نییە ونەوە تازە پێگەیشتووەکان کە پێ دێننە نێو گۆڕەپانی موسیک و هوونەری گۆرانی وتن بە موسیق و ئاوازی عەرەبی و توورکی فێر دەکەن و لە ڕێگای تیڤی و ڕادیۆکانەوە نەوەکان بە موسیق و ئاوازی بێگانە گۆش دەکەن و ڕادەهێنن، ئەوەش کارەساتێکە کە لە دوونیای موسیکی کوردیدا ڕوو دەدات.

هەروەها لەم یەک، دوو ساڵی ڕابردووەدا شارەکانی باشووری کوردستان بووەتە لۆسئانجلۆس و کالیفۆرنیا بۆ گۆرانیبێژە فارسەکان و خەڵکێکی زۆریش بەشداری دەکەن و بەو شێوەیە نەوەی نوێیان بە لاڕێدا بردووە. ڕەوتی ئازدیخوازانەی نەتەوە ژێر دەستەکان دەبێت لە سەر بنەمایی نەتەوە و خەبات بۆ بە دەستهێنانی مافی نەتەوایەتی بێت، پێش لە ئەوەی خەبات بۆ پرسە لاوەکییەکانی تربکرێت، وە بە تاییبەت بۆ ڕێکخراو و پارتە سیاسیە کوردیەکان پێویستە کە بگەڕێنەوە سەر ڕیبازی ڕابردوی خۆیان واتا گەڕانەوە بۆ سەر ڕێبازی نەتەوەی و خۆ بواردن لە تیئۆریە لاوەکییەکان کە دەبنە هۆی لە ڕێ لادانی بزووتنەوە نەتەوەییە ڕزگاریخوازەکان. وە دەبێت ئەو گەڕانەوەیە لە سەر ئەساسی ئەو پرسانە نەبێت کە لە هەلومەرجە ناسک و دژوارەکان دا دێنە پێش، بەڵکو دەبێت پێداگیری کردنێک بێت لە دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک کە کورد بتوانێت ماوەی بە دەستهێنانی مافی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی سەربەخۆییدا و بە دەروشاوەی درووشمە نەتەوەییەکاندا کە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە ئاراستە کرابێت ولە نێو خەلکدا کار ئاسانی کەلتووری و فەرهەنگی بۆ کرابێت، ڕابگێنرێت وپشتیوانی بکرێت، واتا دەبێت پێش ئەوەی کە ئیستراتیژیکی نەتەوەی لە چوارچێوەیەک بۆ چوارچێوەیەکی تر بگوازرێتەوە ڕێگا چارەکان و چارەسەریەک کە لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە پیشاندرا بێت وفەلسەفەی ئەو باسانە بۆ خەڵک شیکرابێتەوە و زانیاری تەواویان لە سەر ئەو باسانە هەبێت، ئیتر پردێکی لە یەک تێگەیشتنی بتەو لە نێوان خەڵک و ڕێکخراوە سیاسی- نەتەوەیەکاندا درووست بکرێت تا بێتە هەوێنی سەرکەوتنی ئیستراتیژیکی نەتەوەیی. وە لە کاتێکدا کە خەڵک زانیاری ئەوتۆیان لە سەر فەقرە کەلتووریەکەیان لە بەر دەستدا بێت و ئاگاداری ئەو نەهامەتیەبن کە لە لایەن نەتەوە باڵادەستەکانەوە بە سەریاندا سەپێندراوە توانای بڕیاردان ئاسانتر دەبێت وباشتر دەتوانرێت چینە جیاواز و لە یەکترازاوەکان یەکخەن، هەر چەند ئەگەر خەلک و پارتە سیاسیەکانی ئێمە باوەڕێکی قوڵیان بە مافە نەتەوەیەکان وتوانا سیاسەکان نەبێت وئازادی وەک مافێکی سرووشتی گشتی چاو لێنەکەن ناتوانرێت سەرکەوتنی یەک جاری مسۆگەر بکرێت، کەواتا دەبێت پێش لە هەموو شتێک هۆکارەکانی یەک دەستخستنی نەتەوە ڕچاو بکرێت، لێرە دا زمان دەتوانێت دەوری ئەساسی بگێڕێت و ئێمە وەک کورد دەبێت بۆ پێکهێنانی زمانێکی یەکگرتوو و ستناندار ئەو پەڕی هەوڵ و توانایی خۆمان بخەینە گەڕ، ئەوەشمان لە بەر چاو بێت کە دژبەرانی زمانی یەک گرتوو کە دووژمنانی نەتەوایەتیمانن لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەن بۆ پەکخستنی ئەو پڕۆژە نەتەوەیە. دیارە خەبات لە پێناو پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەتوانێت وڵامێکی بتەو بێت بۆ، بۆچوونە فاشیستی و ڕەگەپەرەستانەی نەتەوە باڵا دەستەکان.

لەم پێوەندیەدا پێم وایە ئەوەی کە نەتەوەی باڵادەست و ڕژیمە کۆن ودیکتاتۆرەکان بۆیان نەلوا ونەکرا خۆمان بە دەستی خۆمان جێبەجێی دەکەین وئەوە گەورەترین مەترسیە بۆ سەرکەلتوور، داب، نەریت وداهاتوی کورد، چونکوو ئێمە جارێک قۆناغی ناسیۆنالیزمان تێنەپەڕاندووە و هێشتا مەترسی ئاسیمیلاسیۆن لە سەرمانە و نەتەوە فاشیست وباڵا دەستەکان هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی و کەلتووریان قورخ کردووە و دەستان بەر سەردا ڕاگرتووە. لە کۆتاییدا دەڵێم کاتێک ئەو کۆمەڵە مەترسیانمانە لە سەر نامێنێت کە قۆناغەکانی ناسیۆنالیزم تێبپەڕێنین و دەوڵەتی نەتەوەی خۆمان پێک بهێنین.

# باوکی لیبڕالیزم دەڵێ چی؟

لە سۆئیدییەوە وەرگێڕ:حامید مائیلی

جان لاک فیلسوف و سیاسەتوانێکی ئینگلیسی بووە و لە29 مانگی ئاگوستی ساڵی 1632دا لە رینگ تاون لەدایکی بووە و لە 28 ئۆکتوبری ساڵی 1704دا لە ئوئاتس کۆچی دوایی کردووە. جان لاک کەسایەتییەکی بەرچاو وگرینگ بووە دە پەیوەندی دەگەڵ فەلسەفەی **ئیمپیریسم** واتە ئەزموونگرایی و لیبرالیزم و سیاسەت . تیئۆرییەکانی جان لاک نەخشێکی یەکجار بەرچاویان دە دامەزراندنی پێکهاتە دیموکڕاتیکەکان لە ئەمریکا و لە ئوروپایان گێڕاوە و نێوی بە لاپەڕە نەنووسراوەکان دەرچووە هەر سەبارەت بەوە کە سەرجەم بۆچوون و تیئۆرییەکانی لە سەر بنەمای ئەزموون و تاقیکراوەکانی بەر لە خۆی و سەردەمی خۆی دانراون .نێوی بە باوکی لیبڕالیزم دەرچووە و بەرهەمی سەرەکی سیاسی ئەو (دوو ڕەساڵەتی دەوڵەت )کە بە ئینجیلی لیبڕالیزم دادەنرێ کە ئەو نێوە تا ڕادەیەکیش پڕ بەپێستی ناوەرۆکی کتێبەکەیە .بۆ هەووەڵین جارجان لاک بوو کە پێویستی مرۆڤایەتی بە ئازادی کردبووە وێردی سەر زبانان ، مافی خاوەندارییەتی بە مافێکی سروشتی مرۆڤ دادەنا ، پێیوابوو کە دەوڵەت دەبێ پاراستنی ئازادی و مافی خاوەندارییەتی شارۆمەندانی خۆی بە ئەرکێکی سەرەکی خۆی دابنێی و هەر دەوڵەتێک ئەو ئەرکە بە جێ نەهێنێ هیچ پێناسەیەکی نەتەوەیی بوونی پێوەدیار نییە . ئەو بۆچوونەی جان لاک هەر زوو دە نێو خەڵکدا پەرەی هەستاند و بەدوای ئەودا بزووتنەوەیەکی نوێی لیبڕالیزم هاتە کایەوە، کە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕش لە فەڕانسە ودواتریش لە ئەمریکا. بنەمای ڕوانینی لیبڕاڵانەی جان لاک لە سەر سروشتی مرۆڤ دامەزراوە . مافی سەرەتایی و ئەرکی بنەڕەتی مرۆڤ دووشتی پارێزراون کە مرۆڤ چۆنێکی پێیخۆشبێ دەتوانێ ژیانی خۆی دابڕێژێ وبەڕێوەی بەرێ. مرۆڤەکان بنەمای پێویستن بۆ دابینکردنی ئەوجووتە پێناسانە . جان لاک لە سەر ئەو باوەڕەبووکە هیچ بۆچوونێکی ناسراو ونەگۆڕ لەدایک نەبووە کە پێمان نیشان بدا کە دەبێ چۆن و چلۆن بژین بەڵکوو عەقڵ و تێگەییشتنە کە چاک وخەراپ پێکدەگرێ و هەڵیاندەسەنگێنێ وبە پێی گونجاو دەگەڵ هەلەمەرجەکە پێماندەڵێ کە دەبێ چۆن و چلۆن بژین.جان لاک پێیوابوو مرۆڤ بۆ پاراستنی خۆی دەبێ لە عەقڵی خۆی کەلکوەربگرێ و بە مافی خۆی بزانێ و دەتوانێ بە پێی عەقڵ هەڵوێست بگرێ ،بەڵام ئەوە نابێ ببتە بەرهەڵستێک لە سەر ڕێی یەکی دیکە کە نەتوانی ئەوتۆ هەڵوێستێک بگری . هیچکەس ئیزنی دەکار کردنی تۆبز یان توند وتیژی بە مەبەستی بەرهەڵست ساز کردن بۆ هەڵسوکەوتی هیچکەسی دیکەی نییە یان تۆبزی لێبکا بیگۆڕێ و یان بیر وڕای خۆی بە سەردا داسەپێنێ . جان لاک پێیوایە کە ئێمە نەهاتووینە دونیایە کە بۆ دابینکردنی مەبەستی خۆمان لە( یەکتر وەک کەرەسەیەک )کەلک وەربگرین .جان لاک دەڵێ ، هەموو کەس خاوەن مافی سەربەخۆیانەیە بۆ کەلک وەرگرتن لەژیانی خۆی ،لە ئازادی خۆی ،لە هەرشتیکی کە هەیەتی ،بەڵام بە مەرجێک تا ئەو جێگایە هیچ ئاستەنگێک بۆ ژیان ،ئازادی ،خاوەندارییەتی خەڵکی دیکە سازنەکا . خەڵک چە هەڵسوکەوتێک دەگەڵ ژیان و ئازادی و کەل وپەلی خۆیان دەکەن خۆیان خاوەنی خۆیانن و خۆیانن کە بڕیاردەدەن .وەک جان لاک دە نامیلکەیەکی بەنێوی (لەمەڕ تەحەممول ) دادەنووسێ (کەسێک کە لەڕێگای ڕاست هەتڵە دەبێ زەرەرەکەی دەگەڕیتەوە سەرخۆی و هیچ زەرەرێکی بۆ کەسێکی دیکە تێدا نییە ) کورت وکرمانجی ماڵی قەڵب سەر بە خاوەنییەتی . خاوەندارییەتی(مالیکییەت ) بنەمایەکی حقوقی سەرەکییە دە فەلسەفەی جان لاک دا . خاوەن بوون بە سەر لەش وگیان ڕاستییەکە هەموو دەبێ بیسەلمێنین کە ئێمە سەبارەت و بۆ خاتری یەکی دیکە نەهاتووینەتە دونیایە ،و دە درێژەی تیئۆرییەکەیدا ئاماژە بەوە دەکا کە ئێمە مافی خاوەندارییەتی ئەو کەل وپەلانەشمان هەیە کەلە دەرەوەی لەش وگیانی ئێمەن ولە دەورو بەری ئێمەدا بوونیان هەیە . ئەو وەک نەریت ئاماژە بەوە دەکا کە گۆی زەوی سازبووە و کەوتۆتە دەست مرۆڤەکان تا کەلکی لێوەرگرن ، نە بەومانایە کە ئێمە بە هەڵوێستێکی هاوبەش هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکەین بەڵکوو بەو مانایەیە کە مرۆڤەکان مافی ئەوەیان هەیە کە بەگوێرەی خۆیان بە مەبەستی خۆ پێژیاندن و پاراستن و چێکردنی ژیانێک وێڕای وەیکە دەگەڵ عەقڵ و کار وکاسبی گونجاو وشیاوی ئەوە بێ کە مافی خاوەندارییەتی لێبکەوێتەوە . هەمووی ئێمە مافی بوونی کارێک بۆ خۆبەخێوکردنمان هەیە ،تا ئەو جێگایە دەگەڕێتەوە سەر تێکەلاویمان دەگەڵ خەڵکی دیکە ئەو کارە نابێ خاوەنێکی دیکەی ببێ .بۆ نموونە کاتێک هەموو لە تەنیشت یەکتر خەریکین خانووبەرە ساز دەکەین نابێ لە سەر ملکێک سازی بکەین کە یەکیتر خاوەنێتی. یان نابێ زەوییەک بکێڵین و بە هی خۆمانی بزانین کە خاوەنەکەی کەسیکی دیکەیە .بە کورتی نابێ ئێمە پەلدرێژی بکەیەنە سەر جێگایەک ،هەرێمێک ،شتێک کە خاوەنەکەی کەسێکی دیکەیە.جان لاک لە سەر ئەو باوەڕەیە کە تاک خاوەنی کار ،گیان ،ماڵ و لەشی خۆیەتی ،وهەر ئەو تاکەش مافی کەلک وەرگرتنی لەبەرهەم و داهات و ئاکامی ئەو شتانەیە کە خاوەنیانە. مافی دەکارکردن وکەلکوەرگرتن لەکەل وپەل و شتگەلی شەخسی یان گۆڕینەوەیان یان ئاڵۆگۆڕ تێیاندا تەنیا بە خاوەنیتی و بە ملکی شەخسی دادەنرێن و هیچ کەس وهیچ یاسایەک بۆی نییە نکۆڵییان لێبکا یان دەستیان بەسەردابگرێ .جان لاک پێیوایە بوونی ئێمە یانی بوونی مافی ژیان ،ئازادی ،خاوەندارییەتی کە ڕاستییەکی سروشتییە ،بەو واتایە کە لەبنەڕەتەوە سروشتی مرۆڤایەتی ئەو مافانەی سەلماندووە .ئێمە بە بێ جێوازی دە چ کۆمەڵگایەکدا دەژین ، یان خاوەن چ دینێکین ، یان سەر بە چ نەتەوەیەکیین یان نێرینەین یان مێیینەین خاوەن ماف وئەرکی وەک یەک و بەرابەرین سەبارەت بەوەیکە هەموو ئێمە مرۆڤین . جان لاک ئەوە زۆر بە ڕوونی دە کتێبی (ڕەساڵەتی دووهەم )دا بە ئاماژە بە سەرچاوە چۆنیەتییەکانی سروشتی بە بێ بوونی هیچ دەوڵەت و وەستۆ گرتنی هیچ ئەرکێک بە ڕوونی نیشانیدەدا کە ئێمە سەبارەت بە چییە کە پێویستیمان بە بوونی دەوڵەت هەیە تەنانەت دەوێدا پێداگری لە سەر ئەوە دەکا کە ئێمە هەر بۆیەشە مافی دەستەڵات بە سەر داراییەکان و خۆشماندا هەیە چونکوو هەموو ئێمە بوونەوەرانێکی کە خاوەن عەقڵ و تێگەییشتووین. چۆنیەتی سەرەکی ڕەوتی سروشتی بە لای جان لاکەوە کڕین وفرۆشتنی هاوبەشییانەی دلخوازانە و بە ڕەزایەتی لایەنەکانە و خۆپاراستنە لە بۆچوونە ئانارشیستییانەی دژبەری وڕەکەبەرایەتی یەکتری کردنی کە لەلایەن هۆبس بە بنەما دادەنرێ .بەڵام گرفتی بنەڕەتی کە هێشتا هەر لەگۆڕی دەمێنێ ئەوەیە کە هەن تاقمێک تاوانبار و سەرەڕۆ کە مافی ڕەوای خەلکی دەوروبەریان لەبەرچاو ناگرن کە ئەوەش دەبێتە هۆی نەبوونی ئەمنییەت و جێی مەترسییە دە کۆمەلگادا . جا بە مەبەستی پاراستنی هێمنایەتی و ئەمنییەت دە کۆمەلگادا بوونی دەوڵەتێکی یاسایی بۆ نەهێشتنی سەرەڕۆیی و مل ئەستووری و گەڵەگایەتی لە لایەن تاوانبارانەوە بە پێویست دەزانێ .لە ڕوانگەی جان لاکەوە تەنیا ئەرکی دەوڵەت بریتین لە : دامەزراندنی دادگاکان ، پۆلیس ، وپاراستنی وڵات ،واتە هەر ئەو ویستەی کەلیبڕاڵە کلاسیکەکان داوای دەکەن یانی (دەوڵەتی دارۆغەی شەو) . دەوڵەت دەبێ ژیان ، دارایی و سامان ، ئازادی خەڵک لەڕاست دەستدرێژکەران و پەلهاوێژان بۆسەر سنووره شەخسییەکانی شارۆمەندان بپارێزێ . لەلایەکی تریشەوە دەوڵەت خۆشی مافی ئەوەی نییە ببتە هێرشکەر و بەرتەسکەرەوەی لەژێر نێوی پاوانکردن و بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکان کە دەربڕی بیر وڕا و بۆچوونەکانی خەڵکەن . یان ئاستەنگ لە ڕاست جووڵانەوەکان ساز بکا ،یان دەست بەسەر ئەو کەل وپەلانەی خەڵک دابگرێ کە بە دوور لە توانایی پاراستنی خەڵکن .شارۆمەندان نەتەنیا مافی ئەوەیان هەیە کە ببنە چاوەدێرێک بە سەر تاوانباران بەڵکوو دەتوانن چاوەدێریان بە سەر دەوڵەتیشەوە ببێ جا بۆ ئەو مەبەستە دەبێ دەستەڵاتی دەوڵەتی دابەشکراو بێ . وخەڵک دەبێ بە سەر بەرپرسانی یاسادانەر چاوەدێریان ببێ ،ئەوەش بەو مانایە نییە کە زۆرینە هەر چۆنێکی پێیانخوشە هەڵسوکەوت بکەن و هەڵوێست بگرن .دەوڵەت بۆیە پێکهاتووە کە مافی خەلک بپارێزێ .ئەگەر هاتوو دەوڵەت دەوبوارەدا سەرکەوتوو نەبوو یان مافەکان پێشێل بکا ،وەک جان لاک دەڵێ دەبێ ئەو گرێبەستەی کە دە نێوان کۆمەلگا ودەوڵەتدا هەیە پۆچەڵ بکرێتەوە . لێرەیە کە خەڵک مافی سەربزێوییان هەیە تا ئاڵترناتیوێکی نوێ لە جێی دابنێن . هەر ئەو تیئۆرییە شۆڕشگێڕانەیە کە جێکەوت و شۆڕشە مەزنەکی ئەمریکای دە سەدەکانی 17 دا لێکەوتەوە .

# ڕۆژی نێونەتەوەیی مناڵان، لە مناڵانی کوردستان و جیهان پیرۆزبێت.

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی مناڵان ، سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان پیرۆزبایی لە منداڵانی کوردستان دەکات. ئەوەش دەقی بروسکەی پیرۆزبایی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستانە:

ئەمڕۆ 1/6 واتە 11ی جۆزەردان ڕۆژی نێونەتەوەیی مناڵانی جیهانە، مەبەست لەم ڕۆژە بۆ پشتیوانی لە مافەکانی مناڵانەلەم ڕۆژەدا پیرۆزبایی لەسەرجەم مناڵانی جیهان و مناڵانی بێناز و بێوڵاتی کوردستان دەکەم. هیوادارم کە لە درێژەی خەباتی سەربەخۆخوازیماندا بتوانین کیان و دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆمان بەدەست بێنین، و یاسای گونجاو بۆ پاراستنی مافەکانی مناڵان دابین بکەین و ئاسانکاری بۆ پێشکەوتنیان بکەین، مناڵان هەمێشە سەرمایەی دوارۆژی بەڕیوەبردنی وڵاتن، ئەگەر مناڵ باش پەروەردە بکرێت ئەوانیش وڵات باش پەروەردە دەکەن.

بەهیوای بەرەو سەربەخۆیی یەکجاریمان.

---

ئەم نووسینە لە لاپەڕەی تایبەتی فەیسبووکی عارف باوەجانی بە ناوی (Aref Bawecanee) وەرگیراوە .

لاوانی سەربەستیی کوردستان

http://www.rlsk.org

## پارتی سەربەستیی کوردستان: هەر شەکاوە بێت خەبات لە پێناو کوردستانێکی ئازاد و دیموکرات سەربەخۆدا.

